# نووسینەوەی کارەسات!

**ئەکرەم میهرداد**



ئایا ئێستا جیهان بەرەو کۆمەڵی مەترسیدار ناچێت؟ ئایا نەبوونی ئاسایش و باڵا دەستیی ئاشوب و ترس و نەبوونی بێمافی کۆمەڵایەتی لەزۆربە یان لەهەندێك وڵاتان لەفراوانی و گەشەدانین؟ ئایا ئێستای جیهان لەجیاتی ئامانجی ماف و ئازادی و بەشداری و یەکسانی لەهەوڵ وتێکۆشانی هێنانەدی ئاسایشدا نیە؟ئێستا بەشێك یان زۆربەی خەڵکی جیهان لەجیاتی هێنانەدی ئامانجەکانی رۆشنگەری و دیموکراسی و خۆشبەختی، لەترس و هەوڵی ئەوەدان کە ژیان و بوونیان پارێزراو بێت. ئێستا خەڵکی جیهان لەهەموو کات زیاتر لەترسی ئەوەدان لەناوبچن، نەك ئەو ئامانجانە بهێننەدی، و بێگومان ئەمەش ئەو هەلومەرجەیە بیرمەندان ناویان ناوە گەڕانەوە بۆ هەلومەرجی سەرەتایی، کە ئەو ڕەوشەیە تیایدا لەوانەیە مرۆڤ لەبەرامبەر مەترسی کوشتن و کۆکوژی و تیرۆرو جەنگەکاندا ژیان ببەنەسەر.

"نیگەرانی دەربارەی ترس و نەبونی ئاسایش لەدوو دەیەی پێشترەوە بابەتی سەرەکی زۆرێك لەباس و نوسینەکانی بیرمەندان بووە. سەردەمی ئێمە وەك فەرهەنگی ترس باسکراوە و لەئاستی جیهانیشدا وتراوە کە ترس و نەبوونی ئاسایش و بڵاوبوونەوە و گەشەی تاوان و تیرۆر بوونەتە هۆکاری کاریگەریی زۆربەی گوتار و سیاسەتەکانی دادپەروەریی سزایی بۆ ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەمرۆڤ دەکرێن." 1

ترس لەتاوان و تیرۆر هەوڵی مەزن یان مەترسیدار بۆ ڕزگاربوون لەو ترسانە یان بۆ هێنانەدی ئاسایش، ئەو هەلومەرجەیە کە هەموو جیهانی خەریك کردووە، بەشێك لەبیرمەندان و شارەزایانی ئاسایش و نەهێشتنی تاوان ئاماژە بەوەدەکەن کە پرسی ترس و نەبوونی ئاسایش دەبێت لەزەمینەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی و ئابووری فراواندا چارەسەر بکرێت، لەلای ئەوان ترس لەتاوان و ئاشوب پەیوەندارە بەئەنجامە فراوانەکانی مۆدێرنێتی و مانای کۆمەڵایەتی

و مرۆیی ئەو ژیانەی کە لەنێوان هەست و هیوای گشتی بۆ گۆڕان و  پاشەکشەی نەبوونی گۆڕان، لەنێوان خۆشبینی و نیگەرانیدا پەیدا دەبێت. ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری و سیاسیەکان لەمۆدێرنێتی درەنگانەوە بەرەو مۆدێرنێتی  گۆڕاو یان پۆست مۆدێرنیزم دەبنە کۆتایی جێگیربوون و دڵنیایی بەرەو گۆڕان و ناپایەداری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەچن. هەندێك وا دەزانن کە ئەم ئاڵوگۆڕانە بەرەو پۆست مۆدێرنیزم و کۆتایی لەیەك چوون و یەکسانییەکان دەچن، هەندێك گوتارو گێڕانەوەی وا پەیدا دەبن کە بەرەو ترس و تاوان و نەبوونی ئاسایش دەڕۆن و وێنەکانی توندوتیژی و مەرگ و وێرانکاری لەگەڵ خۆیان دەهێنن. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە، کە وێرای ئەوەی ئەم دیدگا و ڕوانگانە راست و  لەسەر هەقن، چۆن لەتیرۆرو فاشیزمی تازەی ئایینی بڕوانین، یان چۆن لەگەڵ ئەو بیرودەروونە فاشیست و دڵڕەقانە مامەڵەبکەین.

" تیرۆریست هێرش دەکاتە سەر هاوڵاتیانی بێتاوان وخوازیاری گۆڕان و خۆشبەختی، لەم هێرشانەدا هەموومان دەکاتە قوربانی یان پرۆژەی بوون بە قوربانی ئەوتاوانانەی کە بەشێکە لەعەقیدەی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیان. باس و شیکردنەوەکانی پۆست مۆدێرن، نیگەرانیەکانی تاوان و ناسینی نەریتی بەهۆکار و بەهانەی ئاکامەکانی تاوان رەت دەکەنەوە، و لەبەرامبەردا باسی پارچە پارچەبوونی کۆمەڵگەکان دەکەن و بیر لەو ترسە دەکەنەوە کە زۆربەی وڵاتانی ئیفلیج کردووە و  هۆشداری لەرەوشی سەرهەڵدانی ئەو توندوتیژیانە دەدەن کە لەهەموو ئاستەکانی کۆمەڵدا دەکوڵێن و لەبیریشیان ناچێت باسی لاوازی و بێتوانایی ئاشکرای دەوڵەتەکان بکەن بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، ئەم نیگەرانیانە هاوکاتن لەگەڵ مەترسیی پێشبینی نەکراوی ئەو ناوەندو میدیایانەی کە لەهەموو شوێنێك ئامادەن و بەردەوام بەهێزدەکرێن". 2

لەکۆمەڵی مەترسیداری سەردەمی جیهانگیریی تاوان، جەنگ، تاوانەکانی جەنگ و جەنگەکانی تاوان سەرهەڵدەدەن و لەهەلومەرجی گۆڕاوی جیهانیدا رەوشی زۆربەی وڵاتان بەرەو لەبەریەك هەڵوەشانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بێهێزبوونی نەخشی مۆدێلی مۆدێرنی دەوڵەت کە دەوڵەتی نەتەوە و نیشتمانە، نایەکسانیی جیهانی، و کۆمەڵگەی مەترسیدار و فراوانی و تەشەنەی تاوان دەبنە تابلۆ بەردەوامەکانی جیهان یان هەندێك لەوڵاتان. ماوەی زیاتر لەدوو دەیەیە کە ئەم هەلومەرجانە نەك تەها لەناوخۆی وڵاتێك یان چەند وڵاتێکدا کاریگەریی خراپ و سەختیان لەسەر ژیانی گشتی داناوە، بەڵکو توانیویانە سنورەکان ببڕن و لەهەموو کیشوەرەکاندا بڵاوببنەوە. ئەم هەلومەرجانەش بێگومان زەمینە یان هۆکاری یارمەتیدەدەرن بۆ پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی تیرۆر و توندرەوی.

هەڕەشەی تیرۆر و توندڕەوی و تۆتالیتاریزمی ئیسلامی بۆتە ترسێکی  بەردەوام و یادەوەرییەکی هەمیشەیی و بەهێز کە نەك تەنها خەڵکی وڵاتانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتی ناوەراستی خستۆتە نائارامی و نەبوونی ئاسایشەوە، بەڵکو شێوازی ژیانی رۆژئاوا لەناوچە دەوڵەمەند و بەختیارەکانیش چیدی ناتوانن لەم بێیاسایی و بێنەزمیەی جیهاندا لەئاسایشدا بژین. بەهۆی تیرۆریزم و جیهانگیریەوە ئێستا ناوچەکانی ئاسایش و بیٚ ئاسایش، ئارام و ئاشوب، بەختیار و ستەم دیدە زۆر لەیەك نزیك بوونەتەوە و کاریگەرییان لەسەر یەك زۆرە.

**تیرۆر و فاشیزمی ئیسلامی، نیوە تاریکەکەی جیهان**

دیمەنە ترسناکەکانی 11ی سێپتەمبەر و بڵاوبوونەوەی تیرۆ و کۆکوژیو تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و بەهێزبوونی بزاڤ و لەشکر و دەسەڵاتە تیرۆریست و فاشیستە ئیسلامییەکان دەبنە تەعدایەکی توندوتیژ و دڵرەق لەدژی جیهان و مرۆڤایەتی. دەرکەوتن و بەهێزبوونی بزاڤە تیرۆریست و فاشیە ئیسلامییەکان گەورەترین سوکایەتی و ئیهانەیە کە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی دەکرێت و هەمان ئەو درندەیی و سوکایەتیانەن کە فاشیزم و نازیزم لەناوەراستی سەدەی بیستەمدا بەسەر مرۆڤایەتیان هێنا، یان کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکانمان بەدەستی تۆرانیە فاشیستەکانی دەوڵەتی تورکیا بیردەهێنێتەوە. ئەم دیمەنە ترسناکانە توانیان خەیاڵی دیجیتاڵی جیهانی یەکەم یان دەوڵەتانی دەوڵەمەند(باکور) لەراستیەکانی جیهانی سێیەم یان وڵاتانی هەژاری(باشور) بشێوێنێت و ئێستا لەدوای 11ی سێپتەمبەر و پەیدابوونی ئەو هەموو تیرۆریست و دڵرەق و بکوژانەی کە لەوڵاتانی ئوروپا وئەمریکا و ئاسیا و ئەفریقا و ئوستورالیاوە چوونەتە ناو داعش و نەسرە و قاعیدە و بۆ کۆحەرام و شەبابی سۆماڵی و هاوشێوەکانیان، دەتوانیێ ئەو راستیە تاڵە بەهەموو جیهان بڵێت کە دەستیان دەگاتە هەموو وڵاتان و لەهەموو شوێنەکان ئێستا بەهۆی ئەوانەوە دوژمن چوونەتە ناوخۆی سنورەکان و چیدی لەدەرەوەی سنورەوە هەرەشە لەو دەوڵەتانە ناکەن کە بەنەیار و دوژمنی خۆیانیان دەزانن.

" لەدوای 11ی سێپتەمبەر ئامانج خوازی لەسەرەوەی لیستی داخوازییەکانی مرۆڤ زۆرهاتۆتە خوارەوە و لەجیاتی ئەو نیگەرانی خەڵك بۆ ئاسایش و پاراستنی خۆیان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. هەموو ئەمانەش لەبەرئەوەیە کە جیهان رووبەرووی هەرەشەی تیرۆر بۆتەوە و لەبەرئەوەی کە ئەم تیرۆرە حاوەنی سیاسەت و دەسەڵات و فەرهەنگی ئایینی و دژ وەستانەوەی هەموو ئەوانەیە کە لەخۆیان ناچن.لەم هەلومەرجەدا ناساندنی هەرەشەی تیرۆر دەبێتە یەکێك لەپرسە چارەنووس سازەکانی سیاسەتی جیهانی بۆ رێگاگرتن لەو کارەساتانەی کە بەسەر مرۆڤایەتیدا دەیهێنن."3

ناساندنی هەرەشەکانی تیرۆر و فاشیزمی ئیسلامی تەنها کارێکی میتۆدی وفکری نیە، بەڵکو دەبێت بەرنامەی گرنگ و ستراتیژی جیهان بۆ رێگاگرتن لەدووبارەکردنەوەی کارەساتەکان بگرێتە بەر, ئەگەر لەروانگەی دیموکراسی و ئازادی و مرۆڤدۆسیتەوە بمانەوێ لەدژی ئەم فاشیزمە ئایینیە بوەستن، دەبێت ئەو ناساندنە لەلای خەڵك بە رادەیەك مرۆیی و شایانی تێگەیشتنی زۆربەی خەڵك بێت بۆ ئەوەی بتوانن بەلەخۆبووردەیی مەزن بەرامبەر ئەم مەترسیە بوەستنەوە. هەرچەندە تیرۆر و فاشیزمی ئیسلامی قاعیدە و داعش و هاوشێوەکانیان بەو کارەساتانەی بەسەر جیهانیان هێنا وایان لەزۆرینەی خەڵکی جیهان کرد بزانن ئەوان چەند توندتیژ و دڵرەق و چەند بێپەروان کە کۆکوژی کارەسات بەسەر ئەو ناوچانەدا دەهێنن کە داگیریان دەکەن. پێویستی ئەمکارە ئەوەیە کە بەشێوەی شەفاف و راشکاو لەروانگەی ماف و ئازادی و مرۆڤپەروەرییەوە ئەم مەترسیە بناسین. ئەگەر چی ئەمکارە ئاسان نیە و دژایەتی ئەوانە کارێکی سەختە چونکە نەفرەت و دەمارگیری ئەو تیرۆر و فاشیزمە لەدژی ئەوانی کە سەر بەناسنامەی خۆیان نین زۆربەهێزترە لەوهاودڵی و هاودەردییەی کە لەسەنگەری دژی ئەواندا هەیە. ئەگەر کاری پەیگیر هەبێت لەئاستی جیهانیدا بۆ لەناوبردنی ئەم هەرەشە سامناکە و لەسەر بنەمای هاوسۆزی و هاودەردی دژایەتی ئەم مەترسیە بکرێت ئەو کاتە کارەکە ئاسانتر دەبێت. بەڵام ئاستەنگی سەخت ئەوەیە کە ئایا دەسەڵاتی دەوڵەتانی ناوچەیی و جیهانی تاچەند راشکاوانە و پەیگرانە لەدژی ئەم ئافەتەدەجەنگن.

کێشە یان ئاستەنگی ئێستای جیهان ئەوەیە: چۆن لەدژی دوژمنێك بجەنگێت کە لاوازە، بەڵام هۆکار و بەهانەی بەهێز و توندڕەوی هەیە. هەتا سەرچاوە و پێکهاتەی ئەو زەمینە و بەهانەیە لەناونەبرێت، هەوڵدان بۆ جەنگی ئەو دوژمنە و نابودکردنی دەبێتە کارێکی سەخت و سیزیفی، چونکە ئەو نەفرەت و دژایەتی و دەمارگیری و نێگزیەتەی لەئیسلامی سیاسیدا هەیە جارێکی دیکە و بەناوی دیکەوە دوژمنایەتی دیکەی جیهان و شارستانی دەکەنەوە. تەنها لەدوای ناساندنی وردی بەهانە و هەست پێکهاتەکانی ئەو دوژمنە(یان دوژمنانە) دەتوانرێت لەناوببرێت. مەبەست و پێکهاتەکانی ئەو تیرۆر و فاشیزمە لەوەدا دەبێتە کارێکی سەخت و ئاستەنگ، کە لەخودی ئایینی ئیسلامدایە، نەك لەتەفسیری سیاسی بۆ ئەوئایینە. هەڵگرانی بیروڕا ئایینی و شیکردنەوە سیاسیەکانی ئیسلام لەناو خودی دینەکەیاندا تیرۆر و فاشیزم پەیدا دەکەن و دەیکەنە ئامراز و ئامانجێکی دڵرەق و بێ بەزەیی لەدژی هەموو  ئەوانەی کە لەخۆیان ناچن. بەڵام لەوەش کارەساتبارتر ئەوەیە کە هەڵگرانی ئەم بیروڕا ئایینی و سیاسیە ئیسلامیە بۆپیادەکردنی تیرۆرو فاشیزمەکەیان هیچیان نیە لەدەستی بدەن و تەنانەت بڕواشیان وایە بەمکارە هەموو شت بەدەست دەهێنن. ئەوان ئامانجی خۆیان لەتوندڕەویی ئایینی و دەمارگیری سیاسیدا پەیدا دەکەن و بیروباوەڕو بەرنامەکانیان بەحەماسەت و گەرمی بەیان دەکەن، کە ئەو حەماسەت و شەوق و شورەیان لەلاوازی و تاریکی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرن. زۆربەی ئەو کەسانە کە لاوازو توندڕەو دڵرەق و دڕندەن هەمیشە لەڕەوشی کاردانەوەدان و ئامادەن خۆیان فیدای ئایین وسیاسیەتەکانیان بکەن و مەرگیان کردۆتە بڕوا و ئامانجی کۆتایی بۆ خۆیان و بۆ دوژمنان و تەنانەت بۆ کەسانی بێلایەن و بێتاوان. لەلای ئەوان ژیان کاتێك سەربەرز و شەریف دەبێت کە لەرێگای خۆکوشتن و خۆتاقاندنەوە بخرێتە خزمەتی ئیسلامەوە. لاوازی و داماوی و تەنانەت مردنیش لەلای ئەوان شەوق و  حەماسەت دەهێنەدی و ئەمەش خواستگای کارە تیرۆریستی و دڵرەقەکانیانە.

بەڵام بەرەی دژی تیرۆر و فاشیزم لەجەنگی دژی ئەوان زۆر شت  لەدەست ئەدەن و بەتایبەتی ئەو شتانەی کە بەهای زیاتریان هەیە و بەشێکن لەژیانی ئازاد و مۆدێرن، کە ئەوانیش خۆشی و ئازادی و ئاسودەییە. لەم رەوشەدا نیگەرانی یان لاوازی لەجەنگی یەکلاکەرەوە هێزی ئەوان کەمدەکاتەوە.  ئەوان پارێزگاری گیان و ژیانی خۆیان دەکەن، بەڵام تیرۆر و فاشیزمی ئیسلامی لەهەوڵی کوشتن و نابودکردنی هەموو گیان و ژیانەکانن،  تەنانەت ژیان و گیانی خۆشیان. ئەمەش ئەو رەوشەیە کە فاشیزمی ئیسلامی لەوە بەهێزترە دەرئەکەوێ کە لەراستیدا هەن و بەرەی دژی فاشیزمیش ئەو بڕوایەیان دەبێت کە هێزی گریمانکراوی دوژمن زیاتر لەئەندازەی راستی خۆی ببینن.

تیرۆریست و فاشیستە ئیسلامییەکان ناتوانن ژیانی خۆیان بگۆڕن و ببنە خاوەنی ئاسایش و ئارامی و ئازادی و خۆشبەختی، بەڵام دەتوانن ژیانی خەڵکی دیکە رۆژ  بەرۆژ کارەستبارتر بکەن. ئەم هەڕەشەیەی تیرۆرو فاشیزمی ئیسلامی هەرچەند لەبناغەدا  لاوازە و لەهەموو کاروانەکانی مرۆڤایەتی بەجێماون و تاك  و کۆمەڵەکانیان خاوەنی هیچ ژیان و خۆشبەختیەکی شایانی مرۆڤ نین، بەڵام هێزی ئەو لاوازانە دەبنە خاوەنی ئەو ڕەوشە سیاسیەی کە شارەزایانی ستراتیژی جەنگی ناوی دەنێن:جەنگی ناهاوتا. لەم جەنگەدا هەرچەندە چەك و توانای جیهانی دژی تیرۆر و فاشیزم زۆر و بەهێزترە، بەڵام توانای وەشاندنی گورزی کۆمەڵایەتی و نانەوەی کارەسات و کۆکوژی لەلای ئەو فاشیستانە زیاتر دەبێت، ئەمەش ئەو هەلومەرجەیە کە توانا و هێزی بەرەی دژی فاشیزم هەرچەندە زیاتر بێت، بەڵام ترسیان لەو توندرەوە دڵڕەقە لاوازانە زۆرتردەبێت.

دەسەلات و هێز و دڵرەقی ئەم تیرۆریست و فاشیستانە ئەو تواناو هێزانە پەیدا دەکەن" کە لەچوار هەلومەرجی واقعی نوێی ژیانی مۆدێرن دەستیان دەکەوێت: یەکەمیان، پەیداکردنی ئامرازەکانی کوشتاری بەکۆمەڵ تەنها پاوانی دەوڵەتانی بەهێز و گەورە نیە. ئەم هێز و کۆمەڵە تیرۆریستانە هەرچەندە زۆر بەهێزنین، بەلام پەیگیرن لە نانەوەی ئاستەنگی کۆمەلایەتی سەخت، بەتایبەتی تێکدانی ئارامی و ئاسایش. دووەم، هۆکارەکانی پەیوەندی و هاتوچۆ و سەفەری وڵاتانی دیکە ئەو هەلەی بەوان داوە کە تێکەلاوی و پەیوەندیی جیهانییان بۆ ئاسانبووە. لەم رەوشەدا وێرای ئاساییبوونی پەیوەندییە جیهانیەکان، بەلام هۆکار و زەمینەی تازەیان بۆ هاوئاهەنگی و بەرنامەرێژی گروپە ژێر زەمینەکانیان ئاسانتر کردووە، ئەو رێکخراو و گروپانەی کە پێشتر پەراکەندو دووربوون لەیەکتر، ئێستا باشتر و ئاسانتر دەتوانن لەو رێگاو کەنالانەوە پەیوەندیەکان ساز و ئامادەبکەنەوە.سێیەم، ئەوەی کە دەسەلات وکۆمەڵگە دیموکراتەکان رێگا بە رەخنە و نەیاری دەدەن و لەکۆمەڵگا کراوەکانیشدا ئەمانە ئاسانتر دەبن و ئاشکراکردن و ناسینی هەڕەشەکانیش زۆر سەخت دەبن، کە کێشەو ئاستەنگیش بۆ دیموکراسی دروست دەکەن. چوارەم، وابەستەیی و پابەندییە سیستەماتیکەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن دەبنە هۆی پەیدابوونی کاردانەوە زنجیرەییەکان، تەنانەت ئەگەر بەشێك لەم سیستەمە تووشی کێشە بێت بەخێرایی ئاژاوەی کۆمەلایەتی و ترس و تۆقاندن و ئاشوب هەموو کۆمەڵ دەگرێتەوە."4

**تراژیدیای کارەسات**

کارەساتە مرۆیی و سیاسیەکان ئەو رووداوە توندوتیژ و مەرگەساتانەن کە مرۆڤەکان بەسەریەکدا دەیهێنن، و دەبنە تراژیدیای ئەو چارەنووس و ئاکامانەی کە خەڵك دووچاری بەلا و ناخۆشی گەورە دەکەن، کارەساتەکان لەقوڵترین زام و دەردەکاندا دەرئەکەون و لەسنورێکی فراوان و کاریگەردا ستەم و توندوتیژی و ملهوڕی تاوانکاران پیادە دەکەن و لەوێدا سروشتی خۆیان ئاشکرا دەکەن و لەلای خەڵکیش ترس و بەزەیی لەگوێ و چاوانی ئەم جیهانەدا دەخرۆشێنن ستەمکاران و جەللادانی ناو کارەسات دووبارە ئەو گومان و ترس و تاسانە بەهێزانە بەهێزتر دەکەنەوە، کە دیسان ئەم ژیان و جیهانە لەسەر پایە لەرزۆکانەکانی سیاسەت و دەسەلات و بەرژەوەندی هەر تراژیدیا وکارەسات دەبنە چارەنووس.

لەیداری ترس و تاسان و هەژاندنی کارەساتەکاندا گۆتە شاعیر و بیرمەند و رۆمان نوسی ئەڵمانیا:" تەنانەت تراژیدی نووسێکی گەورەی یۆنان کە زۆرباش دەزانێ چۆن قارەمانەکانی تراژیدیا وێنا بکات، دڵنیایە ئەم قارەمانانە لەهەلومەرجی تاریك و پڕ لەرەنج و ئازاردا دەکەونە گریان. ئەو دەڵێت: کەسانی مەزن ئەوانەن کە دەتوانن بگرین و لەبەرامبەریشدا بەزاڵمان و ستەمکاران دەڵێ: ئەی خاوەن دڵە سارد و ئەشکە وشکەکان، ئاگاتان لەژیان و هەلومەرجی ئێمەیە، من ئەو کەسانە نەفرەت دەکەم کە ژیان وخۆشی خۆیان لەسەر ناخۆشی وکارەساتی کەسانی دیکە دروست دەکەن".5

قارەمانەکانی ناو کارەسات تەنها خەریکی باری سەنگینی خۆیان نین، بەڵکو ئەوان لەگەڵ قوربانیەکان دەگرین و ناڵە و فرمێسك و ئاهە ساردەکانیان بەشێکن لەژیان و رەوشی سەپێنراوی کارەسات و لەهەمان کاتیشدا مەحکومن بەجەنگ و خەبات و توندوتیژی لەدژی زاڵمان و ستەمکاران. لەکارەساتدا مەرگ، خیانەت وخەم هەمیشە لەپێشڕەویدان و بەرەو تۆفان و ئایندەی نادیار لەجۆڵەدان. لەم هەموو جۆڵە و وزە خراپانەی ناوکارەساتدا، بەلام تابلۆکانی دیکە لەلای قوربانیان بێدەنگی و ئارامی چاوەڕوانیە، تەنانەت لەلای ئەوانی کە بەشێك نین لەکارەسات، بەلام بینەری کارەساتن ئەم

بێدەنگی و چاوەڕوانیە سامناکە هەمیشە دەسەڵاتدارە و وەکو ئەو وەسفە وایە کە (جان ئانۆی) لەباسی ڕووداوەکانی تراتژیدیای هونەریدا باسیدەکات:" وەکو ئەو بێدەنگیە وایە لەشانۆی تراژیدیایدا، هەموان تەماشای تەوری جەللاد دەکەن کە هەر ساتێك لەوانەیە گەردنی یەکێك لەقوربانیەکان بپەڕێنێ"6. ئارامی و بێدەنگی ناو کارەسات وێنای ئەو بێئومێدی و بێ هیواییەیە کە دەڵێ ئەمە تراژیدیای ئەو کەسانەیە کە گرفتاری داوێکی داخراون و ئاسمانیش بەسەریاندا ڕوخاوەو تەنها کارێك لەدەستیان بێت ئەوەیە کە بناڵێنن.

قارەمانەکانی ناو کارەسات، یان ئەوانەی کە دەیانەوێت کارەسات نەهێڵن و لەدژی ستەمکارانی کارەسات خوڵقێن بجەنگن لەو کەسانەن کە دەتوانن خۆیان بناسن و بزانن تاچ رادەیەك گوناهکارن یان ڕزگاریخوازن، یان ئەوانیش کارەسات دەیانخاتە ئەم دووڕییانەوە. ئەمەش هەست وهۆشیارییەکی زۆر بەرزە، چونکە ئاگایی و ناسینەوەی دووبارەی کەسەکان جۆرێکە لەئازادی خوازی و مرۆڤ دەبێت بزانێت چاکەچیە و خراپە کامەیە؟ ئەمەش دروست پێچەوانەی رەوش و بیرکردنەوەی ستەمکار و ئەوباش و جەللادەکانیانە کە خراپەی ڕەهایان پێ چاکە و خێر و ئیمانە. گەورەترین مەترسی ناوکارەسات ئەوەیە کە خراپە و ستەم و توندوتیژی رەها دەسەڵاتدارن و هێندەش دەسەڵاتدارن کە تەنانەت ئەنجامدەرانی ئەم خراپەکارییانەش دەخاتە ئامێزی مەرگەوە. بێگومان مەبەست لەو مەرگە نیە کە لەوانەیە قوربانیان و قارەمانەکانی ناو کارەسات تۆڵەی لەجەللاد و ستەمکار پێبکەنەوە، بەڵکو ئەو مەرگەی کە ستەمکارانی گەورە و ئیماندارانی پایەبەرزی کارەسات قەناعەت بەدەست و پێوەند و پەیڕەوکارانیان دەکەن لەپێناوی ئەوان و لەرێگای ئیمان و نیشتمان و خوداو بیروباوەڕدا ئامادەبن بمرن و خۆیان و کەسانی دیکەش بکوژن. سەرەنجام دەسەڵاتی رەها لەرەوش و بروا و ژیانی ناو کارەساتدا بۆ مەرگە و تەنانەت قوربانیەکانیش بۆ ڕزگاربوون لەئازار و رەنج مەینەتیەکان پەنا بۆ مەرگ و خۆکوشتن دەبەن و قارەمانەکانیش ئازا و دڵخواز مەرگ دەکەنە کۆتایی بۆ دوایی هێنان بەمەرگەکانی ناو کارەسات. ئەمەش نامرۆڤانەترین رەوش و ئاکامە کە مەرگەکانی کارەسات لەهەموو شوێن و کات و لەلای هەموان دەکاتە قارەمانی بێکۆتایی و هەندێك جار نەمری ناو کارەسات و تەنانەت هەندێك جار هەلومەرجەکە بەجۆرێك دەبێت کە قارەمانە مەزن و دلێر و نەترسەکانیش لەمەرگ ڕزگاریان نابێت یان هیوای مەرگ دەخوازن، یان بەرەو پیری مەرگ دەچن!

**کەسایەتییەکانی ناو کارەسات( ستەمکار، قوربانی، قارەمان)**

تراژیدیای کارەسات تایبەت نیە بەکەسانی تەنها، بەڵکو ڕووداوێکی گشتی و ناتایبەتە و لەکەسانی زۆر و فرە ڕوودەدات و هەر بۆیەش شکۆ و ترس و تاسانی کارەسات بەو شێوەیە گەورە و کاریگەرە. کارەسات تراژیدیای ئەو ڕووداوانە نیشان دەدەان کە لاوازی و بێ توانایی مرۆڤ لە ئەندازەیەکی گەورە و فراواندا دەخەنە ڕوو. لەوێشدا بەمرۆڤەکان دەڵێت: ئێوە کە پەرێشانی و خرۆشان و تاسان ئەزموون دەکەن، توانای ئەوەتان هەیە سەرسامی خۆتان نیشان بدەن؟ بەڵام سەرئەنجام مرۆڤ دەتوانێت لەهەمان کاتی شکست و ناکامی و لەناچوونیشدا پەردە و ڕووپۆشەکان لەسەر هەلومەرجی خۆی دابنێ یان هەڵماڵێ.

لەکارەساتەکاتدا هەستی تراژیکی ژیان بەهێز دەبێت، یان بەهێز دەکرێت و هەمووان بەبێدەنگی دەڵێن هەلومەرجی ژیانی ئێمە لەبنەڕەتەوە تراژیك بووە. رەوشی قارەمان هێنانەدی دادپەروەریی شاعیرانە و مرۆیی، یان ئەو هەلومەرجەیە

کە بەدادپەروەریی تراژیك ناسراوە، کە پێشمەرگە و گەریلا و شەرڤانانی یەپەگە شانیان خستەبەر هێنانەدی ئەو دادپەروەرییە تراژیکە. بەڵام ستەمکار یان جەللاد و ئەوباشەکان کە خولقێنەری تراژیدی و کارەسات و مەرگن و هەمیشە ستایشی مەرگ دەکەن و خۆشیان هەمیشە لەبیرکردنەوەی ژوانی مەرگدان، بۆخۆیان و بۆدوژمنان. قوربانیەکان ئەوانەن کە چارەنووسی تراژیکی مەرگی خۆیان بێدەسەڵاتانە پەسەند دەکەن وهەمیشە لەچاوەڕوانی مەرگدان و تەنانەت ئەوانەش کە پرۆژەی کردەیی مەرگو لەناوچوون نین و لەوانەشە لەجەنگ و کارەساتیشدا نەبن، یان کۆیلەی ئامادەکراوی مەرگ نەبن. بەڵام قارەمانەکان ئەوانەن کە دەبێت بڕوا و ئامانجی خۆیان بۆ داکۆکی لەخەڵك و لەقوربانیەکان بەمەرگی خۆیان سامان بدەن، ئەمەش ئەو کارەیە کە لەتوانای زۆربەی خەڵکدا نیە.

لەکارەساتدا ئەو هەست وبیرە تراژیدیەمان زیاتر دەبێت کە چارەنووسی نادڵخواز و ژیانی ناخۆش دەبێتە ئەو چەمکەی بەڕامان لەدووبارەبوونەوەی کارەسات پێی دەگەین. بەڵام هەر لە کارەساتیشدا پرسی هێنانەدی داستەکانەکانی پاڵەوانی و ئازایەتی و دلێری، یان بەشێوەیەکی گشتی کار و ڕووداوی قارەمانانەش پەیدا دەبن. کارەسات وداستان یەك پرس و ناوەڕۆك بەشێوازی جیاواز دەخەنەڕوو، تەنانەت لەهونەری تراژیدیای شانۆ و ڕۆمان و شیعریشدا ئەم دوانە ( کارەسات و داستان) دەبنە دوو ڕووی یەك پرس یان ڕووداو کە ئەویش ئاوێزانی ژیان و مەرگ بە هەردوو ئاراستەی ستەمکاری و ڕزگاریخوازی ئەو مەرگ و ڕووداو و توندوتیژیانەی کە ستەمکاران دەیهێنن. لەفەرهەنگی زۆربەی نەتەوەکاندا بەکارەسات و مەرگەسات ناسراون، بەڵام مەرگ و داکۆکی توندتیژانەی دژی ستەمکاران بەداستان و قارەمانی و ئازایەتی ناسراون. تراژیدیای قارەمانی ناو کارەسات وێرای ئەوەی کە دەیەوێت تراژیدیا نەهێڵێ، بەڵام خۆی دەبێتەی قوربانی یان بەڵاگەردانی خەڵك بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی بوون بەقوربانی." قارەمانەکانی ناو کارەسات دەمانخەنە ناو ئەو ترسە ئاوێتەیە کە ڕێز و سام و مەزنی لەناوماندا دەهەژێنن و تەنانەت ئەو کاتەش کە لەناو دەچن یان دەکەون هەر لەلوتکەدا دەبن"7

ئەدەب و هونەریش لەوێنای پڕشکۆی قارەمانی تراژیدی توانیویانە پێمان بڵێن کە ئازایەتی ودلێری نەیار و دوژمنی کارەسات هەمیشە دەبێت چاوەڕوانی لەناوچوون یان مەرگی ناچاری بکەن. چونکە لەکارەساتدا ئێمە هەمیشە ڕووبەڕووین لەگەڵ کەوتن و خراپەدا و بۆیەش ئەرستۆدەڵێت:" کارەسات هەمیشە لەرێگای تاوان لەداوەرییدا ڕوودەدات یان دروست دەکرێت" تراژیدیا ئەو ڕەهەندەیە کە نەخشە جیاوازەکانی مرۆڤ ڕەوشی تایبەتیان دەبێت، بەومانایەی ئێمەی بینەر کە بەشێك نین لەکارەسات دەڵێین ئەگەر بەسەر ئێمە بهاتایە چۆن دەبووین، ئێمە ناتوانین وێنای ئەو ڕەوشە بکەین، هەرچەندە هەموومان لەوبڕوایەداین کە کاریگەریمان زۆر لاواز و سنوردارە لەنەهێشتنی کارەسات یان هەوڵدان بۆ ڕوونەدانی. ئاراستەی گشتی کارەسات هەر لەسەرەتاوە پیشانمان دەدات کە هەلومەرجەکان بەرەو خێر وچاکە ناچن. لەوانەیە ئەگەر بیرکردنەوەی لۆجیکیمان هەبێت ئەو گریمانەیەبکەین کە ویست و نەخشی کەسەکان بەشێك بن لەڕەوش و ئیرادەیەکی گشتی گەورەتر، یان بەشێك بن لەوەی ڕوویداوە یان ڕوودەدات. کارەسات لەبنەمادا بوارێك بۆ ویستی ئازادی کەسەکان ناهێڵێتەوە و هەرسێ کەسایەتیەکە( جەللاد، قوربانی، قارەمان)مەحکوم دەکات بەچارەنووسێکی نەخوازراو، یان هەر کاتێك ڕووداوێکی دیاریکراو ڕوودەدات زنجیرەیەك ڕووداوی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە سەرئەنجام بەمەرگەسات کۆتاییان دێت. ئەوەی ڕوویداوە لەدەرەوەی ویستی مرۆڤە و لەکارەساتدا ڕەوتی

ڕووداوەکان بە شێوەیەکە کە گوایە هەلومەرجی مرۆیی لەئاکامدا پەیوەندیی دانەبڕاوی بەمەرگەسات و موسیبەتەوە هەیە یان وەها دەنوێنن.

لەکارەساتدا رابردوو و ئاینده هەردووکیان لەئێستادا( واته کاتی ڕوودان یان بەردەوامی کارەسات) ڕوودەدەن و هەرسێ کەسایەتیەکە لەو بارەڕەدان و تەنانەت دڵنیاشن کە تێگەیشتن لەکاتی(ئێستا)یان لەحاڵی حازر و مامەڵەی ئەم کاته و ڕزگاربوون لەم کاتەدا دەبێته تەوەری تێگەیشتن لەتەواوی زەمەن و ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەتراژیدیاکانی کارەسات، کە ئاسۆی بیرکردنەوە و توانا و هێزی وێناکردنی ئاینده بەجۆرێك لاواز و سنوردار دەکات کە هەموان بڵێن خوادەکات لەم رەوشە رزگاردەبین، ئیدی چی ئەبێت بابێت! قوربانیەکان کە بکەر یان کەسایەتی ئازار و رەنج و پەرێشانین هەمیشە لەچاوەڕوانی کۆتایی هاتنی کات یان زەمەنی ئەو مەینەتیانەن کە بەسەریاندا هێنراوە و قارەمانەکانیش وێرای ئازایەتی و فیداکاری و ئامادەبوونیان بۆ خۆبەختکردن و مەرگ، بێگومان لەهیوای تەواوبوون یان کۆتایی هاتنی ئەم دلێری و ئازایەتیانەن. ستەمکار و جەللادەکانیش، بیڵێن یان نەیڵێن، هەمیشە لەبیرکردنەوەی ئەوەدان کە ئەگەر کارەساتەکان کە ئەوان دروستیان کردووە و وەك بەڵا بەسەر خەڵکیاندا هێناون کۆتایی هات،چارەنووس و ئایندەیان چۆن دەبێت و کەی تۆڵەیان لێدەکرێتەوە و بەدەردی قوربانیان دەچن، یان کەی سەردەکەون. سەرئەنجام هەموو کات و زەمەنەکان بەتوندی بەئێستاوە گرێدراون و رەوشی ترسناك و مەرگباری کارەسات هەموو شتێك دەخاتە سێبەری مەترسی خۆیەوە. قارەمان ئەو کەسەیە کە بەقوڵی لەهەستی مرۆڤبوون و یادەوەریی مرۆڤبوون ئاگادارمان دەکاتەوە و دەتوانین بڵێین کە ئەو جیلوەیەکە لەخودی(ئێمەی باڵاتر).

لەکارەساتدا هەمیشە ئێمە لەدوو ڕەوشی باوەڕپێدان، ئایا باوەڕ بکەین یان باوەڕ نەکەین بەوەی کە ڕوویداوە. ستەمکار پێمان دەڵێت: من دەمەوێت تەماشاکەران بەهەر نرخ و بەها و شێوەیەك بێت بخەمە ترسەوە. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە دەبێت بەرەو ڕووی ببینەوە یان نەیهێڵین، بەڵام نازانین چۆن ئەمکارە جێبەجێ بکەین و ناشتوانین باس و خواستی ئەوە بکەین، کە ئایا دەتوانین خۆمان بەکەسایەتیەکانی ناو کارەسات( جەللاد، قوربانی،قارەمان) بەراورد بکەین. لەهەموو ساتە تراژیدییەکانی کارەساتدا ئێمە هەموو کات ئەو هەستە ناکۆکەمان تووش دەبێت کە پێویستە لەم رەوشە کارەسات ومەرگبازە دووربکەوینەوە و لەهەمان کاتیشدا بەتوندی بیری لێدەکەینەوەو تەنانەت ئەوکاتەش کە کارەساتەکە کۆتایی هاتووە و کارەساتی رووداو لەلای مرۆڤە هەستیارەکان وەکو نەبوویەکی ئامادە، یان هەبوویەکی نادیار لەهەست ونەست و هۆشیاریدا دەمێنێتەوە وکاریگەریی دەبێت.

**زەمینە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی کارەسات**

تیۆدۆر ئادۆرنۆ بیرمەندی ناسراوی قوتابخانەی فرانکفۆرت و رەخنەگری سەرسەختی کۆمەڵی مۆدێرن ئاگاداربوو لەمەترسیەکانی ژیان لەجیهانێکدا کە دەتوانێ ئاشتی و ئاسایش بۆ هەموو دانیشتوان بەدی بهێنێ، و هەمووکاتێك لە هەل و ئەگەری خزاندنە بەرەو درندەیی و ئەوکارەساتانەی کەشایانی باوەڕو وێناکردن نین، یان هەلومەرجی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ئەو کارەساتانەی لەخۆیدا حەشارداوە." بەبڕوای ئەو یەکێك لەبنەڕەتی ترین پوچی و بێهودەییەکانی ئەم جیهان و ژیانە ئەوەیە کە لەوپەڕی باشیدا نەیتوانی ڕێگا لەکارەساتەکانی ئاشۆیتس و هێرۆشیما بگرێت و لەخراپترین رەوشیدا خۆی بەدیهێنەر و بکەری ئەم مەرگەساتانەیە."8

ئەو هێندە رەشبینە  بەرامبەر بەکۆمەڵگەی مۆدێرن و هەل و ئەگەری دووبارە وچەندبارەی سەرهەڵدانەوەی کارەسات کە دەڵێت:" جیاکردنەوەی ژیان و دابەشکردنی بۆ ئەو هەوڵ وهێزانەی (کە زۆربەیان مەرگبارن) کە بۆشایی نێوانیان پڕن لەپوچی و بێ مانایی، بۆیە مەرگ لەئاکامدا ئەم فەزا دابەشکراوەی نێوان پارچەکانی ژیان بەیەك دەگەیەنێ و داگیری دەکات، چونکە جیهان و دەسەڵاتەکانی کارێکی شایانی باس ناکەن بۆ ئەوەی ئەو فەزا دابەشکراوە بەخۆشی و شادمانیی مرۆڤەکان پڕبکەنەوە. و سەرئەنجام دەگاتە ئەوبڕوایەی کە لەدوای هۆلۆکۆست و هیرۆشیما جیهان جگە لە زبڵخانە شتێکی دیکەنیە."9

داپۆشین و شاردنەوەی بەمەبەست و بەرنامە دارێژراوی برینە ئاشکراکانی کۆمەڵ بەشێکە لەکارنامەی دەسەڵاتی جیهانی و ناوچەیی، بۆیە هۆلۆکۆست لەلای بیرمەندانی فرانکفۆرت جگە لەتوند کردنەوە و بەهێزبوونی کارەساتباری مەیلە شاراوەکانی فەرهەنگی رۆژئاوایی شتێکی دیکەنەبوو. دەرکەوتنی قاعیدە و داعش و هاوشێوەکانیان جگە لە توندکردنەوە و بەهێزبوونی مەیلە شاراوەکان و فەرهەنگ و دەسەڵاتی عەرەبی و ئیسلامیش شتێکی دیکە نیە، ئەم دیاردەیە پێویستی بەدیدێکی نوێ هەیە بۆ ئایندە. بۆچی مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی لەهەوڵی هێنانەدی هەلومەجێکی بەڕاستی مرۆیی و شایانی ژیانێکی شایستە بێت بۆ مرۆڤ، هەتا بێت زیاتر بەرەو شێوازە تازەکانی دڕندەیی و توندوتیژی دەچێت؟ "یەکێك لەلاوازییەکانی بیرکردنەوەی تیۆریی هاوچەرخ کە لەهەموو شوێنەکان دەبینرێ ئەوەیە: بۆچی خەڵك و کەسانی خوێندەوار و شارەزا  لەتەکنیك و فەرهەنگ و زانست بەرامبەر هەر شێوازێك لەستەمکاری و ملهوڕی ملکەچ دەکەن، یان خۆیان لەو وێرانکارییە نزیك دەکەنەوە و دەبنە بەشێك لەپارانۆیای ناسیۆنالیستی یان ئایینی و ئایدۆلۆژی. لەم هەموو پرس و وێنایانەدا بێمانایی دەبێتە ئاکام... لەم هەلومەرجانەدا و بەهۆی بەدەسەڵات گەیشتنی ئەو گروپانەی کە خۆیان بەشێکن لەو بکەرە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە هەڵگری هەمان ئەو دید و بۆچوونە توندوتیژ و دڕندانەن، سەرئەنجام فاشیزم و وەحشەت دەبنە ئەو دەسەڵاتانەی کە پێشکەوتن بۆدواوە دەگەڕێننەوە."10

ئەمڕۆ دژایەتی هەموو ئەوانەی کە بزاڤ و دەسەڵاتە ستەمکارەکان بەبێگانە و دوژمنیان دەزانن لەلای هەندێك پرسێکی پەیوەندارە بەچارەنووسی مرۆڤ و جیهان. چونکە کارەساتەکان کە ئەو ستەمکارو جەللادانە  لەمێژوودا بەسەر بێگانەکاندا هێناویانن چارەنووسی ئەو کۆمەڵە کۆکوژکراوانە دەخەنە بەردەم ئاسۆیەکی مەترسیدار و سامناکەوە. لەلای خودی ئەو ستەمکار و فاشیستانەش دژایەتی کەس و کۆمەڵەکانی دیکە جگە لەبەهانەیەك کە شایانی باس نیە شتێکی دیکە نیە. ئەوان کەس و کۆمەڵە نەیارەکان بەلەمپەڕی بەردەمی پاوانخوازی  خۆیان و جێبەجێکردنی بەرنامە و باوەڕەکانی خۆیان دەزانن. فاشیستەکان، بێگانەکان تەنها وەکو نەژادێکی دیکە و تەنانەت وەکو کەمایەتیەکی نکۆڵی کراو نابینن، بەڵکو نکۆڵی و دژایەتی ئەوەش دەکەن کە ئەوانە نەژادو ئایین و کۆمەڵێك بن. ستەمکاران و جەللاد و ئەوباشەکانیان نەیاران وەك رەسەنێکی خراپ و ناشایستە تەماشادەکەن و لەلای ئەوان شادمانی وخۆشبەختی، یان پابەند بوون بەباوەڕ و ئایینی خۆیان لە سەرکوت و لەڕیشەوە دەرهێنان و کۆکوژی نەیاراندا دەبینن.

پەیوەندی ئەو نەتەوە و ئایین و بیروباوەڕانەی کە چەوسێنەران و ستەمکاران بە کەمایەتی و نەیارو دوژمن دەیانبین، لەگەڵ نەتەوە دەسەڵاتدارەکاندا پەیوەندییەکی دامەزراوە لەسەر تەماع و ترس. هەرکاتێك ئەوان جیاوازی و ناسنامەی خۆیان بکەنە قوربانی بۆ هەلومەرجی دەسەڵاتدار، واتە بەرەو تەسلیم بوون هەنگاویان نابێ،ئەوجا نەتەوە

دەسەڵاتدارەکان بەساردی و نابەدڵی پەسەندیان کردوون و وەکو خەڵکی دانراو بۆ پرۆژەی قوربانی ئاینده یان نکۆڵی کردن لەماف و ئازادییان مامەڵەیان لەگەڵ کردوون. ئەم پەیوەندییە لەم هەلومەرجە ستەمکارییەدا بێگومان نەك تەنها زەمینەی چەوسانەوە و نکۆڵی کردنە لەماف و ئازادییەکانی نەتەوە و ئایین و بڕوا چەوسەوەکان، بەڵکو هۆکاری بەهێزیشن بۆ ئەو کارەساتانەی کە زاڵمان بەسەر ئەوانیان هێنا. کارەساتەکانی ئەرمەن و جولەکە و کورد و هەموو نەتەوە و ئایینە ستەمیدەکان لەهەمان زەمینە و بەهۆی هەمان ئەو دەسەڵاتە ستەمکارانەوە ڕوویانداوە. "ئازاردان و تاوانکردن بەرامبەر یەهود(یان هەر نەتەوە و ئاینێکی چەوساوە) وەکو هەموو ئازار و توندوتیژیەکی دیکە لەسستەم و فەرهەنگی دەسەڵاتدار جیاناکرێتەوە. ماهیەتی ئەم رژێمە هەرچەندە لەوانەیە لەهەندێك سەردەم و جێگادا خۆی بشارێتەوە، بەلام ئەم ماهیەتە هەمان ئەو توندوتیژیانەیە کە لەجیهاندا خۆیان ئاشکرا کردووە".11

بەلام ستەمکارانی بەدیهێنەری کارەساتەکان، تەنها کارەساتەکانیان لەوەدانیە کە ئەو نەتەوە و ئایین و کۆمەڵە سەرکوت و ریشەکێش دەکەن، بەڵکو کارەساتێکی دیکەیان ئەوەیە کە ئەم بەدبەختی و رۆژرەشیانە بەهۆی نەتەوە و ئایین و کۆمەڵی دەسەڵاتدارەوە جێبەجێ دەکەن، واتە کۆمەڵێك خەڵك کارەسات و ناخۆشی بەسەر کۆمەڵی دیکەدا دەهێنن و ئەو خەڵکانەی کە تا دوێنێ دۆست و ئاشنا و هاودەمی یەکتری بوون، ئێستا دەکەونە گیانی یەکتر و یەکتری قڕدەکەن و کۆکوژی و کارەسات بەسەریەکدا دەهێنن. ستەمکاران لەرێگای جەللادان و ئەوباشەکانیان و هەندێکجاریش بەهۆی هەندێك لەو قوربانیانەی کە فریودراون کوێرانە هێرش دەبەن و توندوتیژی دەنوێنن، یان کوێرانە داکۆکی لەستەمکارە باڵادەستەکان دەکەن و هەموویان پابەندن یان وابەستەن بەیەك بازنە یان چەرخی کارەساتباری خەوشساز.رەفتاری دژایەتی کەسانی دیکە لەهەلومەرجێکدا زنجیرەکان دەپسێنێ کە مرۆڤ کوێرکراوە بەدبەختەکان یان بە تاڵکراوەکان لەهەر کەسایەتی و زهنیەتێك، کە ئیدی وەك بکەری ئازاد و سەربەخۆنامێنن، یان بەتەواوی کەسایەتی و شایستەیان ویلّ دەکرێت، رەفتارەکانی ئەوان( بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بەدەستیانەوە تووشبوون) وەکو کاردانەوەیەکی مەرگبار و بێمانایە، یان هەمان ئەو رەفتارانەیە کە دوورن لەمانا و لەبیرکردنەوە. دژایەتی و نکۆڵی لەنەتەوەو ئایین و نەژادەکانی دیکە ئەو نموونە و رەفتارە راهێنراوانەن کە بوونەتە یەکێك لەئایین و پەیرەوەکانی شارستانی ئێستا( بۆنموونە ئیسلام). دژایەتی ونکۆلی لەکەسان و کۆمەڵانی دیکە، یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی قوربانی، دەبێتە ئەو کارو رەفتارە بەد و لاواز و بێتوانایانەی کە لەجیاتی رامان و مانا، و سەرئەنجام لەجیاتی راستی و هەقیقەت پیادەکرێن. بەسەر بردنی گەوجانە و دڵرەقانەی کاتەکان بەئازاردانی مرۆڤ هەتا مەرگ، پشتیوانی هەمان ئەو ژیانە بەتاڵ و پەرێشانی و بێزارییە کە هەندێك کەس خۆیان بۆ تەرخان کردووە و ئەوان لەسەر ئەو بڕوا پوچ و بێئابڕووە رەفتاردەکەن کە دەڵێت( شەڕ لەبەتاڵی باشترە).

کوێرایی دژایەتی و نکۆلی لەنەتەوە وئایین و کۆمەڵەکانی دیکە، هەمان ئەو بێمانایی و بێهیواییە کە ڕق و تورەیی خۆیان بەسەر ئەو کەسانەدا دەبارێنن، کە بەبێ هیچ پشت و پەنایەك بوونەتە کۆیلەیان.لەوانەیە هەمان شێوەش قوربانیەکان، وەکو کۆمەڵ و ئایین و نەتەوەی دژایەتی و نکۆڵی کراو، لەسەردەمێکی دیکەدا جێگای جەللادان بگرنەوە و بتوانن هەمان شەهوەتی کوێری کوشتن بەسەر بکوژەکانی جارانیاندا بهێنن. بەلام دەبێت ئەو راستیە بزانین کە دژایەتی و لەناوبردنی کەس ولایەنی دیکە، تایبەتمەندییەکی زگماك یان رەسەن نییە و بەشێك نییە لەسیفەتی منالان، بەڵکو

گەورەکان بانگەوازی رشتنی خوێنی نەیاران دەکەن و ئەم بڕوایە دەبێتە یەکێك لەجیاکەرەوەی کەسایەتی ئەوانەی کە ستەمکارن و جێبەجێکەری ستەمەکانن.

ستەمکاران و جەللاد و ئەوباشەکانیان یان ئەو نەتەوە و ئایین و کۆمەڵانەی کە بەرنامە و بڕوای دڵرەقی جێبەجێ دەکەن، تەنها لەپێناوی دڵڕەقی و چەوساندنەوە و لەناوبردنی ئەوانی دیکەدا ئەمکارانە ناکەن، ئەگەرچی لەکاتی کارەساتەکاندا بەزۆری بەهۆی زاڵبوون توندوتیژی و درندەییەوە وادەرئەکەوێت کە ئەم دیمەنە ناخۆشانە تەنها لەپێناوی نواندنی توندوتیژی و وەحشیەتدایە. بەڵکو ئەوان دەیانەوێت یان وابیردەکەنەوە بەهۆی لەناوبردنی نەیاران و دوژمنان دەسەڵات و کۆمەڵ و شارستانی خۆیان زاڵبکەن، یان وەك قاعیدە و داعش دەخوازن ئایین و بەرنامەی خوداکەی خۆیان بەسەر خەڵکدا فەرز بکەن. بەم بۆنەیەوە(برتۆڵد برێشت) بیرمەند و شانۆنووسی ئەڵمانی نزیك لەقوتابخانەی فرانکفۆرت لەباسی بەدەسەڵاتی گەیشتنی فاشیست و نازییەکانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا دەڵێت:" ئەوان بۆچەند هەزار ساڵی دیکە بەرنامەرێژییان کردووە... دەیانەوێت هەموو شت لەناوبەرن، و هەموو خانەیەکی زیندوو لەتەقاندنەوەی مەرگبار و وێرانکەردا خاپور بکەن... و کۆرپەی لەدایك نەبوو لەسکی دایکاندا بکوژن".12.

بەبڕوای هانا ئارێنت هۆکاری سەرهەڵدانەوەی کارەسات و دڵرەقی و وەحشیەت و "بوونی ئۆردوگاکانی مەرگ لەلای نازییەکان و کۆلاگەکانی ستالین، دارمانی پلورالیزمی مرۆیی و دابەزینی مرۆڤەکانە بۆ بوون بە بوونەوەری بێ بیرکردنەوە و ئازادی. بەوتەیەکی رۆشنتر تۆتالیتاریزم و فاشیزم تاکێتی و کەسایەتی مرۆڤەکان دەهاڕن و دەیانکات بەهیچ یان نەبوو، تا ئەو رادەیەی کە هیچ کەسێکی دیکە نەبینێ و نەبیستێ. هەرچەندە وا دیارە کە مرۆڤ لەهەموو شوێنێك بەشێوەی جەماوەری ملیۆنی دەبینرێن، بەڵام لەراستیدا هیچ کەسێك لەهیچ جێگایەك بوونی راستەقینەی نیە.(یان کارەساتەکانن ئەو راستیە تاڵەدەکەن بەهەست و نەستی زۆرینەی خەڵك). هەرچەندە هەموویان لەبەدبەختی و فەلاکەتدا هاوبەش و یەکسانن، بەڵام هیچ جیهانێکی هاوبەشیان نیە کە لەوێدا کەسێتی خۆیان لەفرەیی بیروباوەڕەکاندا بەدەست بهێننەوە. باشترین باسی ئەم رەوشە لەو رستە بەناوبەنگەی ( مارچیلۆ ناسترۆیانی) و لەفیلمی ( لەرۆژێکی تایبەت)دابەڕۆشنی دەرئەکەوێت کە (ئۆتۆرە سکۆلا) دەڵێت: ئەوە گرێگرتەی قاتی شەشەم نیە، کەنەیاری فاشیزمە، بەڵکو ئەوە فاشیزمە کە نەیاری کرێگرتەی قاتی شەشەمە."13

لەرۆشنکردنەوەی زیاتری بەرهەمەکانی ئارێنت دەتوانین ئەو ئەنجامە بزانین کە ئاراستەی ئەو لەشیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیە تۆتالیتارەکانی سەدەی بیستەمدا دەربارەی سیاسەتی مۆدێرن دەڕون بەرەو نازیزم و ستالینیزم شێوازی نوێ و ترسناکی ژیانی سیاسی مۆدێرنە کە یەکەمجارە لەمێژوودا دەرئەکەون. ئەوەی کە وەك دیاردەیەکی نوێی ئەم رژێمە تۆتالیتارانە دەرئەکەوێ، بەکارهێنانی سیاسەت و رێبازی تیرۆرە. پرسەکەش لەوە ترسناکترە، چونکە لەلای ئەو رژێمانە تیرۆر تەنها ئامرازێك نیە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی دیکتاتۆری، بەڵکو تیرۆر دەکەنە بەشێك لەپێکهاتەی سیاسی کۆمەڵ. هەربۆیە لەو پێکهاتە سیاسیانەدا خەڵك لەیەکتر بێزارن و هاوڵاتی بوون دەکەوێتە قەیرانەوە. ئەم قەیرانە هاوکاتە لەگەڵ قەیرانی ئەندێشە و بیرکردنەوە، چونکە لەو هەلومەرجەدا بوارێك بۆ باس و گفتوگۆ نامێنێ، لەبەرئەوەی کە بیرکردنەوەش بۆ خۆی پرسێکی گفتوگۆییە و لەجیهانی هاوبەشی مرۆڤدا مانا پەیدا دەکات، و سەرئەنجام نەمانی گفتوگۆ دەبێتە نەمانی بیرکردنەوە. لەبەرئەوەی کە بیرکردنەوە هێزی داوەر دەربارەی (خراپە) بەمرۆڤەکان

دەبەخشێ، و لەئاکامدا بیرنەکردنەوە  توانای خەبات لەدژی خراپە و ستەمکاری لەمرۆڤ وەردەگرێتەوە. ڕۆشنتر بڵێین، ئەگەر بیرکردنەوە لەهەوڵی پەیداکردنی مانا و پرسی تێگەیشتن بێت لەجیهان و بەرپرسیاریی مرۆڤ بێت لەجیهاندا، بۆیە نەپرسین بەرەو نابەرپرسیاری تاك دەچێت. بەبڕوای ئارێنت:( ئەم هەلومەرجە توانای بەرهەمهێنانی کەسایەتی وەك ئادۆلف ئایخمان تاوانکاری نازی کە بەرپرسی ئۆردوگاکانی مەرگی ئاشۆیتس بوو، کە ئەوپەڕی بەرجەستەبوونی(بێنرخی خراپەکارییە). بەکارهێنانی  ئارێنت بۆ وشەی (بێ نرخی)  و پەیوەندی بەچەمکی(خراپە)وە بۆ کەمکردنەوەی بەرپرسیاریی ئایخمان نیە لەکار و ئامادەکردنی تاوانەکانی نازی لەئوردوگاکانی مەرگدا، بەڵکو لەلای ئارێنت (بێنرخی خراپەکاری) تایبەتمەندیی ئەو کەسو تاکانەیە کە بەتەواوی توانای بیرکردنەوە و داوەرییان دەربارەی کارەکانی خۆیان لەدەستداوە.  ئەو بڕوای وایە کە یەکێك لەگەورەترین تاوانەکان بیرنەکردنەوەیە، لەبەر هەمان هۆکاریش ئایخمان نە(یاگۆ)و نە(ماکبێس)ە، بەڵکو کەسێکە کە گفتوگۆی دەروونی لەگەڵ ویژدانی خۆیدا بەتەواوی لەدەستداوە وئەم نەبوونی گفتوگۆیە دەبێتە هۆکاری بێئاگایی لەهەبوونی(خراپە).  ئارێنت لە کتێبی( ئایخمان لەئۆرشەلیم)دت دەڵێت: ئایخمان کەسێکە پەیڕەوی لە فەرمانەکان دەکات و هەلی بیرکردنەوە دەربارەی کار و کردەوەکانی بەخۆی نادات لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بێت، کەکوشتنی یەهودەکانی لەئاشۆیتس وەکو هەر فەرمانێکی دیکەی بیرۆکراتی دەبینی."14

بیرکردنەوە و نوسینی ئارێنت دەربارەی کەسایەتی ئایخمان و کارەساتەکانی نازیزم زیاتر بەمەبەستی درۆینەوەی پەیوەنیەکی فکرییە لەنێوان هەلومەرجی سیاسی ژیانی مۆدێرن و زهنی تاکی مۆدێرندا. بۆیەش لەوتارێکدا بەناوی (تێگەیشتن لەسیاسەت) دا دەنوسێ: ( ئەگەر بمانەوێت ئەم گۆی زەوییە وەکوماڵی خۆمان بێت... دەبێت لەگفتوگۆیەکی بێ پایاندا بین دەربارەی ناوەرۆکی تۆتالیتاریزم). لەلای ئارێنت وەحشیەتی تۆتالتیاری سەدەی بیست بەرجەستەبوونی ئەو پرسە سادەیەیە کە سروشتی مرۆیی تەنها مرۆییە و هیچی دیکەنا، واتە تەنها مرۆڤ توانای مرۆڤبوونی هەیە، بۆئەوەی مرۆڤ بین دەبێت لەچوارچێوەی جیهانی هاوبەشدا بژین و ئەزموونەکانی مێژوو فێرمان دەکەن کە ئەم جیهانە هاوبەشە جیهانێکە شایانی شکستە، یان ماك و توخمەکانی شکستی لەخۆیدا هەڵگرتووە. بەم بۆنەیەوە ئارێنت لەکۆنفرانسی ساڵی 1972 شاری تۆرنتۆ باسی ئەوە دەکات، کە لەهەریەکێك لەئێمەدا ئایخمانێك هەیە. مانای ئەم ڕستەیە دەتوانێ مەرگی ئەندێشە لەرژێمی ستەمکاردا بەیان بکات. مەرگی بیرکردنەوەش دەبێتە مەرگی ژیان و لەم پرسەشدا ڕستەیەکی گرنگی ئەرستۆ دەڵێتەوە:( بیرکردنەوە خودی ژیانە). ئارێنت وەکو ئەرستۆ باوەڕی  بەوەیە کە ژیانی مرۆڤ جگە لەبەشداری لەهەلومەرجی سیاسی هاوبەشی مرۆڤەکان شتێکی دیکە نیە. یان ڕۆشنتر دەڵێت: بۆ ئەوەی مرۆڤ بین تەنها بوونمان بەس نیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە بەشێك بین لەو هەلومەرجەی کە مرۆڤبوونی تاك تیایدا مانا پەیدا دەکات. بەوتەی مارسێل پرۆست لەرۆمانی ( گەڕان بەدوای زەمەنی لەدەستچوو) دا( پرسەکە بوون یان نەبوون نیە، بەڵکو پابەنبوون یان پابەندنەبوونە). هۆکاری مرۆڤبوونی مرۆڤەکان لەوێدایە کە هەر تاکێك ئایدیای مرۆڤایەتی تێدا بێت. لەلای ئارێنت، ئەگەر ئومێدێك سەبارەت بەچالاکی مرۆیی و ئازادی هەبێت، بەو مانایە دەبێت کە مرۆڤایەتی هەموو کاتێك وەکو ئامانجێکی والا لەبیری ئێمە داهەبێت.

**ئەو خەڵك و نیشتمانەی کە ژینگەی هێنانەدی کارەساتن**

بیرمەند و دەروونناسی ئەڵمانی_ئەمریکی و یەکێك لەزانایانی قوتابخانەی فرانکفۆرت(ئێریك فروم) لە( گەوهەری مرۆڤ) دا دەربارەی ئەو کەس و جەماوەرانەی کە دەبنە ژینگەی هێنانەدی و ئەنجامدانی کارەسات:( ئایا تەڵعەت پاشا بەتەنها کۆکوژی ئەرمەنەکانی ئەنجامدا؟ هێتلەر بەتەنها ملیۆنەها یەهودی کوشت؟ ستالین هەرخۆی بوو کە ملیۆنەها نەیاری سیاسی خۆی لەناوبرد؟ بێگومان، نا لەژێرفەرمانی هەریەکێك لەوانە هەزاران کەس هەبوون کە خەڵکیان دەکوشت و بەفەرمانی ئەوان ئازار و ئەشکەنجەی کەسانی دیکەیان دەداو بەو پەڕی توانا و خواستەوە ئەم فەرمانانەیان جێبەجێ دەکرد و تەنانەت خۆشی و ئارەزوویان لێدەبینین).15

ئایا مێژووی مرۆڤ ئەوە ناسەلمێنێ کە توند و تیژی و دڵرەقی بەرامبەر کەسانی دیکە ئەنجامداوە. ئایا جەنگە دڕندەکان و تاوانەکانی کوشتن و سەربڕین و تەعدا، و چەوسانەوەی بەهێزەکان بەسەر لاوازەکاندا، یان فەرامۆشی و گوێنەدانی زۆربەی خەڵك بەرامبەر گریان و ناڵەی قوربانیانی جەنگ و کارەسات و ئەشکەنجەکان سەلمێنەری ئەوە نین کە هەندێك کەس و لە سەردەمی جەنگ و کارەساتەکانیشدا زۆربەی خەڵك ڕەوشی خراپ و نەیارو دژیان بەرامبەر کەسانی دیکە هەیە. کە مرۆڤ توندوتیژی و خراپە ئەنجام دەدەن، سەردەمێك دێت کە زیاتر و زیاتر بەرە وخراپە و توندوتیژی دەچن و سەرئەنجام دەبنە کەسانی دڵڕەق و چێژ لەئازاردانی کەسانی دیکە دەبینین. ستەمکاران و جەللادان هەر تەنها لەپێناوی دەسەڵات و بەرژەوەندی و ترساندنی خەڵکدا توندوتیژی و ستەم ناکەن، بەڵکو ئەم شتانە دەبنە بەشێك لەکەسایەتی و بیرکرنەوە و بڕوایان و خۆشیش لەم کارانە دەبینن. جەنگ و کارەساتە سیاسی و مرۆییەکان و سەرهەڵدانی فاشیزم و کۆکوژی و لەناوبردنی نەتەوە و ئایین و کۆمەڵەکان، هەر لەبەرئەوەی کە جیاوازن لە دەسەڵاتداران و جێبەجێکەرانی جەنگ و کارەسات، جارێکی دیکە هێز و توانا بۆ توندوتیژی وستەم دڵرەقی دەگێڕنەوە و سەردەمانێکی دیکەش تێۆری نەریتی و کلاسیکی لەوە دڵنیا دەبێتەوە و شانازی بەوە دەکات کە مەیل و ویستی مرۆڤ بەرەو کاری خراپە و توندو تیژیە. مرۆڤەکان بەگشتی و ئەو کۆمەڵ و نەتەوانەی کە لەمێژوودا جەنگ و کارەساتی گەورە و بەردەوامیان دیوە( وەکو کورد و ئەرمەن و جولەکە)، سەرئەنجام لەوە تێدەگەن و بەئەزموون و مەزەنەی عەقڵی خۆیان دەزانن کەکەسانی نائاسایی و دەسەڵاتداران و دڕندە و سادیستە مرۆییەکان هەمیشە لەبیر و بەرنامەی ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکدان. بەڵام لەسەردەمی کارەسات و جەنگەکاندا تراژیدیایی دیکە سەرهەڵدات، کە ئەویش ئەوەیە ( هەندێك مرۆڤی ئاسایی و تەنانەت لاوازیش، دەسەڵات وتوانای نائاسایی و بەهێزیان دەستدەکەوێت و مەترسی گەورە لەسەر خەڵك و کۆمەڵ دروست دەکەن و توندوتیژی و ستەم و دڵرەقی لەئاستی فراوان و قوڵی کۆمەڵدا بڵاودەکەنەوە، یان ڕەهەند و مەیل و ئامادەیی بەهێزی کۆمەڵایەتی بۆ توندوتیژی و کارەسات بەرهەم دەهێنن و ئەمەش دروست ئەو هەڕەشە و مەترسیە گەورە و فراوانەیە کە هەموو بزاڤ و دەسەڵاتە فاشیستەکان بەسەر وڵات و کۆمەڵەکانیان هێنا.)16

جەنگ و کارەسات، هەروەکو چۆن پێویستیان بەچەك و جەنگاوەر هەیە، هەروەها زیاتر پێویسیتان بەو هەست و پاڵنەرە بەهێزانەی کینە و ڕق و ترس و مەیلی وێرانکەر هەیە بۆ ئەوەی هەزاران و میلۆنەها کەس ڕووبەڕووی مەرگ بکەنەوە و یان بیانکە بکوژ و ئازاردەری کەسانی دیکە. ئەم هەست و پاڵنەرانە مەرجی پێویستن بۆ سازدانی هەموو ململانێ و جەنگەکان، چونکە تفەنگەکان تەنها خۆیان ناتوانن جەنگ و کارەسات بقەومێنن، بەڵکو ئەو کەسانە زۆر

پێویسترن کە تفەنگ و هۆکارەکانی توندو تیژی بەکاردەهێنن. هەرلەم جەنگ و کارەساتانەدا بەرامبەر و لەدژی توندوتیژی  و ستەم و ئازار و ئەشکەنجەی ئەوانەی کە بەرژوەندی و دەسەڵاتیان پێویستی بەم شتانە هەیە، و لەبەرامبەر ئەوانەشدا کە هەست و پاڵنەرەکانی ڕق و کینە و ترس و مەیلی وێرانکەریان شەپۆل دەدات، جۆرێکی دیکە لە توندوتیژی سەرهەڵدات کە ئەریك فرۆم بە ( توندوتیژی کاردانەوە) دەیناسێنێ و بەم شێوەیە باسی دەکات:( مەبەستم لەو توندوتیژییەیە کە بۆ داکۆکی لەژیان و ئازادی و شایستەیی خاوەنداریێتمان پەنای بۆ دەبەین، یان ئەو کارە توندانەیە بۆ داکۆکی لەکەسانی دیکە کە کەوتونەتە ئەو مەترسیانەوە. هەرچەند ڕەگوڕیشەی ئەم کاردانەوەیە لەترسدایە، بەڵام لەخرمەتی ژیاندایە، نەك مەرگ، و ئامانجەکەی پاراستن و داکۆکیە نەك وێرانکاری. لەوانەش زیاتر ئەوەیە، کە ئەم توندوتیژیە تەنها کاردانەوە نیە، بەڵکو تارادەیەکی زۆریش لێکۆڵینەوەی لۆجیکی و عەقڵانیشی تێدایە، کە هۆکار لەگەڵ ئامانجدا هاوئاهەنگ و گونجاوە.)17

دەبێت ئەوەش بزانین کە لەڕوانگەی بەها مرۆیی و رۆحانی و ئەخلاقییەکانەوە، هەموو تاوانێك بەرامبەر ئەخلاق نەیارە، هەرچەندە داکۆکیش بێت لەژیان. بەڵام خودی ئەم بەهایانەش دەزانن کە جیاوازی ڕاستەقینە هەیە لەنێوان توندوتیژی( داکۆکی) و ئەو توندوتیژیانەی کە مەبەستیان تاوان و وێرانی و کوشتارە، کە خاوەنەکانیان حەزی پێدەکەن. لەشێوازەکانی دیکەی توندوتیژی کاردانەوەدا دەبێت باسی ئەو توندوتیژیانەش بکەین کە لەئەنجامی سەرکوت پەیدا دەبن، یان ئێرەیی و دڵپیسی بەرهەمی دەهێنن، یان بەشێکن لەئارەزووی تۆڵەکردنەوە، یان بۆ پڕکردنەوەی هەستی بەئازاری دارمانی هیواکانە، یان ئەو توندوتیژیانەیە کە خاوەنەکانیان پەنای بۆ دەبەن بۆ رازیکردنی هەستی شکست و بێ توانایی و داواکەوتن.  هیچکام لە توندوتیژی کاردانەوە ناتوانن لەئاستی فراوانیدا ببنە هۆکاری جەنگ و کارەسات، ئەگەرچی لەوانەیە لەئاستی سنوورداری کەسەکاندا ئاستەنگ و ناخۆشی بەرهەم بهێنن. بەڵام کاتێك دەتوانن لەکۆمەڵدا بەدیهێنەری کارەسات بن کە توندوتیژی تینوی خوێن ڕشتن و وێرانکاری ببێتە سەرکردە و فەرمانداریان.

دواین شێوازی توندو تیژی بریتی یە لە( تینوێتی خوێنڕشتن) کە مەبەست لەو توندوتیژیە نیە کە کەسانی بریندار لە رێز و شایستەییان پەنای بۆ دەبەن،  بەڵکو مەبەست لەو رق و تورەییە کوشندەیە کە لەئاستی کۆمەڵایەتیدا جەنگ و کوشتار و وێرانکاری دەنێتەوە. ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە خوێن ڕشتن هۆکاری بوون و هێز و جیاوازیانە لەخەڵك و سەرکەوتن و شایستەی خۆیان  بەو شێوازە بەدی دەهێنن، ئەوانەی کە ئەم جۆرە لە توندوتیژی دەبێتە  ڕەوشی ژیان و بیرکردنەوە و بەرنامەی دەسەڵات و ئیمانیان. ئەوان وابیردەکەنەوە، یان هەلومەرجێکی وەها دەسازێنن کە یان دەبێت بکوژن یان بکوژرێن، ئەمەش دروست ئەو پەیڕەوە سیاسی و دەسەڵاتداری و ئیمانداریەیە  کە فاشیزمە جۆراو جۆرەکان لەمێژوودا بەسەر خەڵکیاندا سەپاندووە. لەکۆمەڵە سەرەتاییەکاندا ئەم شێوازەی توندتیژی باوبووە و هەندێك کەسی خەڵکی  زۆریان کوشتوە و هەتا توانیویانە کوشتاریان ناوەتەوە و پاش ئەوەی تینوێتیان لەخوێن رشتن شکاوە، خۆشیان کوژراون.

کێشەی ستەمکارانی خوێن رێژ و دەسەڵات و بزاڤە فاشیستەکان ئەوەیە کە شێوازی دەسەڵاتداریێتی و بەڕێوەبردنی وڵات هێندە دەگەڕێننەوە دواوە و ئەو داوەرییەی بیرمەندان  دەسەلمێنن، کە فاشیستەکان تەنها توندوتیژ وخوێن رێژنین، بەڵکو  لەئاستێکی زۆر  سەرەتایی و بەربەریدا ئەو ستەم وخوێن رشتنە دەکەنە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و

تەنانەت هەموو جۆرەکانی دیکەی توندتیژی کاردانەوەش دەخەنە خزمەتی دەسەڵاتی خوێن ڕێژی خۆیانەوە. ستەمکاران، جەللاد و ئەوباشەکانی بەردەستیان دەکەنە ئامراز و هێزی خوێن ڕشتن و لەئاستی کۆمەڵایەتیشدا هەموو شێوازەکانی دیکەی توندتیژی کاردانەوە چالاك دەکەن و دەیانخەنە دوای خۆیان بۆ خوێن ڕشتن. کەسانێك لەئاکامی سەرکوت و شکستی خۆیان دەچنە ریزی خۆێن رێژان و هەندێکی دیکەش بەهۆی ئێرەیی ودڵپیسی بەرامبەر بەکەسانی دیکە دەچنە دەزگای توندتیژی ئەوان و ئەوانەشی کە بەداوای تۆڵەکردنەوە دان رقی تۆڵەی خۆیان نەك تەنها بەرامبەر نەیاران و دوژمنان بەڵکو بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا دەبارێنن کە توانایان بەرسەریاندا هەیە. هەندێکی دیکەش بۆ رازیکردن و هەق کردنەوەی شکست و بێتوانایی دواکەوتن یان بەهۆی ترسەوە دەچنە ناو بکوژەکان و لەترسنۆکەوە دەبنە ترسناك. ئەمەش هەمان ئەو سیاسەت و رەوشتە ترسناك و کارەساتبارەیە کە ستەمکاران و فاشیستەکان کردیانە بەری کۆمەڵەکانیان. ئەوان کارەساتەکانیان دەکەنە ئارەزووی کوشتار و نەمرکردنی هێز و توندوتیژی و بەپیرەوەچوونی مەرگ و قێزەونی و سادیزم و ئارەزوی لەناوبردنی هەموو شت. تەنانەت ئەوانەی کە بەشێك نەبوون لەو توندوتیژیانەی کە لەسەر بنەمای کاردانەوە دامەزراون، بەناچاری بۆ خۆپاراستن و بەرگری یان بۆ نەهێشتنی ئەم هەلومەرجە نەخوازراوە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن و ڕێگای توندوتیژی قارەمانانە دەگرنە بەر، هەروەکو لەلاپەڕەکانی پێشوودا باسمانکردن.

بە دێهینەرانی کارەسات بیرو دەروونی مەرگخوازی خۆیان دەکەنە بیر و دەروونی کۆمەڵ و هەژانەکانی ئەوان و بەرەو مردن و وێرانکاری دڵڕەقی دەبەن، چونکە ئەو ( کۆمەڵانە نەیانتوانیوە پێویستی و نیازەکانی زۆربەی خەڵك جێبەجێ بکەن، بۆیە شێوازێك لەرازیکردنی نێرگزیەتی جۆری ئازاردەریان بۆ دابین دەکەن، ئەمەش لەترسی ئەوەی کە نەبادا هەستێکی گشتی نەیاری و ناڕەزایی لەلای خەڵك تەشەنەبکات. شانازی نێرگزیەت بۆ پابەندبوون بەکۆمەڵ، ئایین، نەتەوە و ئایدیۆلۆژیا دەکەنە تاکە سەرچاوەی رەزامەندیی ئەو خەڵکەی کە لەڕەوشی هەژاری و سەختی ئابووری و فەرهەنگیدا دەژین، و ئەمەش زۆربەی جار دەبێتە یان دەکرێتە رەوشێکی کارا. چونکە ژیان بۆ ئەوان هیچ( خێرێك) ناهێنێتەدی و هیچ ئەگەرێکی ناسنامەی دڵخوازیان بۆ دروست ناکەن و یان پابەند نابن بەهیچ شتێکی دیکە، بۆیە هەستی شانازی و رەزامەندی و لەخۆبایی بوونی نێرگزیەتیان دەگاتە یان دەکرێتە سەرچاوەی سەرەکی و بڕیاردەری ناسنامە.)18

ئەم ڕەوشە هەمان ئەو هەلومەرجانەیە کە بەسەر کۆمەڵەکانی ئەڵمانی و ئیتاڵیای نازی و فاشستی سەپێندراو خەڵکیان کردە ئۆردوی جەنگ و هێرش و کۆکوژی کەسانی دیکە، یان بەزاراوەی خۆیان دوژمنان. ئێستاش داعش سوننەی عەرەبی عێراق و سوریای کردۆتە ژینگە وهێزی دژایەتی و نکۆڵی و لەخۆبایی بوونی نێرگزیەتی فاشیزمی ئیسلامی لەدژی هەموو ئەوانەی کە بەدوژمن ناساندوونی. لەهەموو ئەو کۆمەڵانەدا کە کراونەتە قوربانی و جەللادی دەسەڵات و بزاڤە فاشیستەکان، دەبینین کە ناوەندی هەستی خۆ بەگەورە زانین و باڵادەستی لەلای چینی ناوەڕاست و بەتایبەتی لەلای خوێندەواران پەیدا دەبێت کە کراونەتە قوربانی و سازوکاری هەژارکردنی ئابووری و فەرهەنگی. لەبەرئەوەی ئەو چینە ئومێدی باشبوونی ژیان و ئاکاریان نیە و لەلایەکی دیکەش پابەندن بەکۆمەڵێك یان سیاسەت و فەرهەنگێك کە لەوپەڕی لاوازی و نائومێدیدا دەژین و لەوانەشە لەدوایین هەناسەکانیاندابن، پاش ئەوەی کە سەردەمێکی دووردرێژ لەدەسەڵات و هەژموون و خۆشیدا بوون و باشترین نموونەش سوننەی عەرەبە لەعێراق.یان هەندێك کۆمەڵ هەن کە لەرەوشی مێژوویی هەژاری و سەرکوت و سوکایەتی ژیاون و لەوانەیە سەردەمێکی دیکە بێتە پێشەوە هێزو توانا پەیدا بکەن و دوژمنەکانیان

لاواز بن، بۆیە دەکەونە ڕەوشی هێرش و پەلامار و تۆڵە و  کۆکوژی بەرامبەر دوژمنانی جاران و هەموو ئەو کەس و لایانەنەی کە ئەوان دەتوانن هەژموون و ڕقی خۆیان بەسەریاندا ببارێنن. ئیسلامییەکانی لیبیا و سەلەفیەکانی تونس و حوسیەکانی یەمەن و ئیخوانەکانی میسر و شیعەکانی عێراق لەساڵی 2011 هەتا ئێستا لەو ڕەوشەدا سیاسەتە فاشیستی و توندوتیژیەکانی خۆیان لەدژی نەیاران و دوژمنان ئەنجامدا.

**سەرچاوەکانی کارەسات: ستەمکاری، کۆنەپەرستی، توندڕەوی**

ئەگەر چی کارەسات لەسەرچاوەکانی خۆی توندوتیژتر و توندڕەوتر و ستەمکارترە، بەڵام کارەساتە مرۆیی و ئایینی و سیاسی و نەتەوەییەکان چۆن ڕوودەدات، ئەگەر هێزەکانی ستەمکاری و کۆنەپەرستی و توندرەوی لەشێوازە جۆراوجۆرەکانی ئایدیۆلۆژی و ئایینی و نەژادیدا بەرهەم هێنەری کارەسات نەبن. ستەمکاری کە سەرچاوەی بنەڕەتی پەیدابونی کارەساتەکان هەم نەفرەتی خەڵك لەخۆیان بەرهەم دەهێنن و هەم مایەی سەرسامی و تاسانن کە کتێبەکانی مێژووی رابردوو یان ناونیشانی هەواڵەکانی ئەمڕۆیان پڕکردووین. ئەوانە سەبارەت بەخواستە مرۆییەکان خۆیان بەپابەندنازانن و هیچ بەهایەکیان بۆ دانانێن. لەوجیهانەی کە زۆربەمان تیایدا خاوەنی دەسەڵات و هەژموون نین، بەڵام ئەوان وەکو خاوەنی هێز دەرکەوتوون، باهۆزەکانی مێژوو ئەوانی نەچەمانۆتەوە بەڵکو هێشتا بەهێز راوەستاون و دیسان سەریان لەمێژوو هێناوەتەوەدەر، و هەندێك جاریش مێژوو دەگۆڕن. لەبەرئەوەی بەدیهێنەری ترس و نەفرەتن، بۆیە هەمیشە لەکاتی پەیدابوونیان هەژان و ئاشوب و کارەسات دەنێنەوە و ئێمە وەکو چۆن تەماشای ئاگردەکەین، هەرواش سەرنجی ئەوان ئەدەین و ناتوانین یان نامانەوێت لێیان نزیك ببن.

هەروەکو (کارل ویتفۆگڵ) دەڵێت:( شێوازەکانی ستەمکاری و کارەساتەکان کە بەسەر خەڵکیان هێناوە، لەماوەی هەزاران ساڵدا بەشێوەی سەرنج راکێش بەبێ گۆڕان ماونەتەو.) یان ئەفلاتون دەڵێت:ستەمکاری، هێولای روخساری توندوتیژی ودڵرەقیە.19

وڵات و نیشتمانی ستەمکاری ناتوانن کەسی باش پەروەردە بکەن، لەو ژینگەیە و لەژێر ئەو ئاسمانەدا هیچ مرۆڤێك، کە بەشێوەیەکی ئاسایی پەروەردەکرابێت ناتوانێ هەرگیز بەعەقڵانیەت بگات. ئەم هەلومەرجە سەرسامی و تاسان لە سروشتی کەسەکاندا دروست ناکات، و بەتایبەتی ئەگەر سەردەمی دوور و درێژ ستەمکاری لەو کۆمەڵانەدا دەسەڵاتداربن. ستەمکار و رەعیەتەکان هەردوکیان وەکو ئاوێنە یەکتر نیشان دەدەن و دواکەوتن و سەرکوت و بیماری هاوبەشی خۆیان درێژە پێدەدەن و بەهێزی دەکەن.

زاراوەکانی ستەمکاری و کۆنەپەرستی و دڕندەیی پڕن لەترس و تاسان وهەژان، چونکە هەرکەسێك پابەندبێت بەژیان و شایستەیی مرۆڤ، کاریگەری ئەوان لەسەر ئازادی و ماف و دادپەروەری وەکو ئەتکردنی مۆرڤایەتی تێدەگا. پەیوەندی نێوان ئەو دەسەڵات وسیاسەتانە لەگەڵ پرسە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵ و وێرانکردنی هەموو ژیان و پەیوەندییەکانی لەلای ئەوان پەیدادەبن . تێگەیشتن لەو دەسەڵات و سیاسەتانە پێویستی بەتێگەیشتنە لەکۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە ژیانی ئێمە پێکدەهێنن. سەرئەنجام هەموو باسەکان دەربارەی ستەمکاری و کۆنەپەرستی و کارەساتەکانیان دەبنە پرسەکانی کۆمەڵ و ماهیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەو کۆمەڵ و وڵاتانەی کە ئەو دەسەڵات و هێزانە تیایدا سەرهەڵدەدەن. کارەکانی ستەمکاری و کۆنەپەرستی و دڕندەیی پێش هەرشتێك ئەو بڕواو ئایدیۆلۆژی

وسیاسەتانەن کە خاوەنی توانای لەناوبردنی مرۆڤن و لەماهیەتی ئەو کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەدا شاراونەتەوە کە ئێمە تیایاندا دەژین.

بۆ ڕۆشنکردنەوەی ماهیەتی کۆنەپەرستی و توندڕەوی دەسەڵاتە ستەمکارەکان و بۆ سەرنجدان لە شێوازەکانی ستەمکاری و کارەساتەکانیان کەلە ماوەی سەدان و هەزاران ساڵدا بەسەرخەڵکیان هێناوە، بانمونەیەك لەنووسەر و روناکبیرێکی عێراقی ( د. عەلی ئەلوەردی ) ببینین کەلە کتێبی (گاڵتەجاری عەقڵی مرۆیی)دا چۆن باسی کۆکوژی ئێزیدیەکان لەلایەن عوسمانیەکانەوە دەکات: " لەسەردەمی عوسمانیدا کاتێك والی موسڵ هێرشی سەربازی لەدژی ئێزیدیەکانی باکوری عێراق ساز کرد و هێرشەکە بەرەو لادێکانی ئێزیدی پەلاماریدا و مناڵانیان کوشت و ژنەکانیان بۆ خۆیان برد و پیاوە زیندوەکانیان هێنا بۆ موسڵ کە سەرپشکیان بکەن لەنێوان کوشتن بەشمشێر و شەهادەی "لا اله الا الله". والی موسڵ بەم سەرکەوتنە دڵخۆش بوو کە خوا لەسەر دەستی ئەو ئەنجامیدا، چونکە بڕوای وابوو لە پاداشتی ئەم قەسابخانە قەشەنگەدا خوا لە بەهەشت کۆشك وتەلاری جوانی پێشکەش دەکات"

هەر لەهەمان لاپەڕەشدا باسێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ئێزیدیەکان دەنووسێ: "کاتی خۆی لەموفتی ئیسلامی سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونیان پرسی کەناوی ( ئەبو ئەلسعود ئەلعمادی) بوو: ئایا ئیسلامەکان دەتوانن جەنگی دژی ئێزیدیەکان بکەن. موفتی دەڵێت: بەخوا وەڵامەکە دەزانم کە بەڵێ یە: بکوژی ئەوان غازییە و کوژراو لەشەڕی ئەواندا شەهیدە و جیهاد و جەنگی دژی ئەوان گەورەترین جیهاد و مەزنترین شەهادەتە.ئێزیدیەکان لە کافرە رەسەنەکانیش کافرترن و کوشتینان لە هەرچوار مەزهەبەکەی ئیسلامدا حەڵاڵە و جیهاد لەدژی ئەوان راستر و بەسەوابترە لەپەرستنە ئاینیەکان. تێکدانی کۆمەڵ و بنەماڵەکانیان و جیاکردنەوەی کۆمەڵەکانیان و کوشتن و لەناوبردنی سەرۆکەکانیان بەشێکە لە ئەرکە دینیەکان،بۆیە دەبێت دەسەڵاتدارانی وەخت و شوێنکەوتوانی ئەو دەسەڵاتانە فتوای کوشتنیان بدەن و هانی خەڵك بدەن بۆ لەناوبردن و فرۆشتنیان. دەبێت پیاوانیان بکوژرێن و نەوەکانیان دیل و ئەسیربکرێن و ژن و کچەکانیان ئەتك بکرێن"20

ئایا داعشەکانیش لەساڵی2014 هەمان ئەو ستەمکاری و توندوتیژی و کارەساتانەیان بەسەر ئێزیدیەکاندا نەهێنا کە عوسمانیەکان بەسەریاندا هێنان و پاشای کوێرەی میری سۆرانیش هەروەکو عوسمانی و داعشەکان کۆکوژی ئەوانی نەکرد؟

ئەفلاتون کەباسی ستەمکاری دەکات و دەڵێت" تایبەتمەندییەکانی ئەوان بریتییە لە نەبوونی دادپەروەری، بێ شەرەف ، بێ ئەقڵی و لەڕاستیدا ستەمکاری راستەقینە جگەلەکۆیلەیەك شتێکی دیکە نییە، ئەگەر لەلای خەڵکی دیکەش وانەنوێنێ. ستەمکار و جەللادەکانیان کەدەسەڵاتیان بەسەر خۆیاندا نیە، بۆیە هەوڵدەدەن فەرمان بەکەسانی دیکە بکەن. لەکاتێکدا کە ئەقڵ و شەرەف لەلای ئەوان پەیدا نابن" 21. بۆیە دەیانەوێت هەموو ئەو سیفەتانەی کەلە خۆیانداهەن بەسەر دەستوپێوەند و جەللاد و تەنانەت بەسەر قوربانی و رەعیەتەکانیشدا بهێنن. کەخۆیان کۆیلەن، بێگومان کەسانی دیکەش کۆیلە دەکەن، کە بێ ئەقڵ و بێ شەرەفن ، دەخوازن ئەقڵ و شەرەف و ویستی خەڵکی دیکەش لەناو ببەن، ئەوان دەیانەوێت جیهانێك بەشێوەی خۆیان لەژێر رکێفی خۆیاندا دروست بکەن. هەر بۆیە لەژێر

فەرمان و لەنیشتمانی ستەمکاریدا جگە لە توندرەوییەکانی کۆنەپەرستی و دڵڕەقی و خوێن ڕێژی شتێکی  دیکەپەیدا نابێت.

نیشتمانی ستەمکاری و کۆنەپەرستی و توندڕەوی، پڕە لەدوژمنایەتی و بەدکاری، پەرێشانە بەهۆی خۆپەرستی ودەلڕەقی،پڕە لەو کەسانەی کە هەرچەندە بەکاری خۆیانەوە خەریکن، بەڵام حەسوودی بەیەك دەبەن. شوێنی خەم و خەفەتە، بە زەحمەت و بەسەختی دەبێتە وڵاتێکی یەکگرتوو، زیاتر وەکو کۆمەڵ و خەڵکی بێ پەیوەندی دەرئەکەون. نیشتمانی ستەمکاری شوێنێکە دۆستایەتی راستەقینەی تیانیە، لەتەواوی تەمەندا کەس دۆستی کەس نییە، هەمیشە یان کۆیلەن یان خاوەنی کۆیلەن. سروشتی ستەمکاری  هەرگیز بۆنی ئازادی یان خۆشەویستی نەکردووە.لەدەسەڵات و کۆمەڵی ستەمکاردا هەموان نوێنەرانی تراژیدین کە دوورن لەسەلامەتی، هاودەردی و دۆستایەتی کە سروشت  پێویستی کردوون. تەنانەت ئەگەر سەردەمێك واش نەنوێنن، یان لە رووخساردا دۆست و هاودەمی یەکتربن، بەڵام لەسەردەمی جەنگ و کارەساتەکاندا خەڵك بەردەبنە گیانی یەکتر و هەرچیان لە دەست بێت لە خراپە و توندوتیژی بەرامبەر بە یەکتری دەکەن، یان لەڕاستیدا بەهێزەکان هەرچیان لەدەست بێت لەدژی لاوازەکان درێغی ناکەن. ئەمەش هەمان ئەو کارەساتانە بوو کە عەرەب و تورکمانی سوننە بەسەر ئێزیدی و مەسیحی وشەبەك و کاکەییەکان هێنا بەپشتیوانی ستەمکار و جەللاد و  ئەو باشەکانی داعش.

" کە( هانا ئارێنت) دەیوست ترس و تاسانی ئۆردوگاکانی مەرگی نازیەکان بناسێنێ، بەو ئەنجامە گەیشت کە خولیای شێتانە و ئارەزووەکانی هەژمونخوازی سادیستی و ئازاردانی کەسانی دیکە و ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە لەرۆژی ڕووناکدا مەگەر لە مۆتەکەی شەواندا بە خەو بیبینین، دەبنە کار و کردەوەی نازیەکان و دەست و پێوەند و هاو نیشتمانیان" 22.ئەگەر ستەمکاری ڕێگربێت لە هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەیانەوێ هەلومەرجی مرۆیی بهێننەدی، بێگومان لەکارەساتەکاندا هەموو هەوڵەکان لە ناو دەچن و هەموو ئومێدەکانی ستەمکاران دێتە دی، ئیدی هێچ شتێك ناتوانێت سنوور بۆ ستەمکار دابنێ و توانای هەموو تاوان و توندوتیژیەکی هەیە. ستەمکاران لە نانەوەی کارەسات و قڕکردن و کۆکوژیەکاندا توندڕەوترین راستی و ئیمان و بەرنامەی خۆیان دەرئەخەن و راستی ئەوان لەوەدایە کە گەورەترین تاوان بەهۆی توندڕەوی و پابەندبوونیان بە بڕوا و بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن.

ستەمکاری خەڵك فێری ئەوە دەکەن خوازیاری ئەوەبن کە رابەرانی ستەمکار وەکو باوکی خۆیان تەماشابکەن و ئەویش وەکو منالێ چاودێری ئەوان بکەن. خەڵك لە هەست و پەیڕەوی منالانەیان هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکەن و خوویان بەکۆیلە بوونەوە گرتووە. ئەوان دەخوازن لە سایەی دەسەڵاتدارێکدا بژین کە توندوتیژ و ستەمکار بێت.ئەمەش هەمان ئەو دیمەن و مێژووەیە کە عەرەبی سوننەی عێراق چۆن لەبەردەستی بەعس و سەدام و پاشان لەبەر دەستی داعشدا هەستیان بەبوون و هێنانەدی ئامانج و هیواکانیان کرد. ئەگەر ئەم ڕەوشەلاوازی و بێدەسەڵاتی کۆمەڵی عەرەبی سوننەی عێراق بنوێنێ، لە لایەکی دیکە ستەمکاری و کۆنەپەرستی و دڵڕەقی هەموو دەسەڵاتەکانی عێراق هەر لەسەردەمی عوسمانیەوە هەتا دەسەڵاتی داعش بەسەر کۆمەڵگای سوننەی عەرەب و عێراقدا دەنوێنێ، کە فرانکشتاینێکیان دروست کردووە جگەلە ستەمکاری و توندڕەوەی و کۆنەپەرستی شتێکی دیکەی لێ بەرهەم نایەت. یان هەروەکو ماکیافیلی  دەڵێت:" لەژێر سایەی ستەمکاریدا جگەلە بەدبەختی زۆر، بەدناوی، بێ قیمەتی و شێوازە زۆر و

زەبەندەكانی ناخۆشترین و سوكترین دڵڕەقی و بێ بەزەیی، هیچی دیكە بەرهەم نایەت."23. ئەمەش هەمان ئەو هەلومەرجانەیە كە نازیەكان بە ئەڵمانیەكان كرد، و فاشیستەكان بە ئیتاڵیەكان و پان تۆرانیستە توركەكانی ئیتحاد و تەرەقی بەتوركیایان كرد و ڤالانژەكان بە ئیسپانیاو بەعس و داعش بە عەرەب و توركمانی سوننەیان كرد، واتە لە رێگای ئەوانەوە ئەوپەڕی بەدبەختی ، بەدناوی ، بێ قیمەتی و ناخۆشترین و سوكترین دڵڕەقیان بەرامبەر بەنەیار و دوژمنەكانیان جێبەجێ كرد.

ستەمكاران هەرتەنها لە سیاسەت و بەڕیوەبردنی وڵاتدا كۆنەپەرستی و توندڕەوی بەرهەم ناهێنن، بەڵكو لە كارەساتەكانی وەكو كۆكوژی ئەرمەنەكان لەلایەن پاشاكانی ئیتحاد و تەرەقی، ئاشۆیتس و هولۆكۆست لەلایەن نازیەكان،ئەنفال لەلایەنە بەعسیەكان و كۆكوژیەكانی ساڵی 2014 لەلایەن داعشەكان، وڵاتەكان دەكەنە نیشتمانی فەرمانە بێڕەحمەكان، تاوانە ناڕاستەكان، دۆستایەتی خیانەت ئامێز و نابودكردنی بێتاوانان. لەم رووداوانەشدا نەك تەنها دوژمنەكان یان ئەوانەی كارێكیان بەرامبەر ستەمكاران كردووە، بەڵكو تەنانەت ئەو كەسانەش كە لەژیانیان دوژمنێكیان نەبووە و كارێكی نائاسایشیان بەرامبەر كەسانی دیكە نەكردووە، بەڵام ئێستا لەلایەن دۆستەكانیان یان بەهۆی دراوسێكانیانەوە لە ناودەبرێن"لەوڵاتی ستەمكاردا یان ئەو شتانە كۆدەبنەوە كە بۆخۆیان خراپن، یان دەیانتوانی هەموو مرۆڤێك خراپ بكەن: لاوانی تەمەڵ و پیرانی بێ بەندوبار، هەردوو رەگەزەكە و لە هەموو تەمەنەكان بە توندی گرفتاری ئاكار و عادەتی هەرزەكارانەبوون."

**ئەفسانە دزێوەكانی ستەمكاری و كارەساتەكانیان**

ئەریك فرۆم لەكتێبی ( راكردن لە ئازادی )دا دەڵێت: " بۆچی ملیۆنەها ئەڵمانی دەیانویست واز لەئازادی خۆیان بهێنن و وەكو باب و باپیرانیان چۆن لە جەنگەكانی ئەڵمانیدا بەشداربوون، ئەوانیش ئامادەبوون لە پێنوای فاشیزمدا بجەنگێن. ئایا ئەڵمانیا خاكێكی بەپیت بوو بۆ روانی فاشیزم"24، فرانتز نویمان یەكێكی دیكە لەبیرمەندانی قوتابخانەی فرانكفۆرت دەڵێت" بۆچی خەڵكی هەژار و بێبەش پشتیوانیان لە نازیزم كرد" 25

وەڵامی ئەم پرسیارانە لەلای بیرمەندانی دیكە و بیرمەندانی قوتابخانەی فرانكفۆرت دراوەتەوە، هەموو ئەوان وابیردەكەنەوە كە سازكردنی ئەفسانە كۆمەڵایەتیە دزێوەكان لەلایەن ستەمكارانەوە كەلە كارەساتەكاندا بەلوتكەی تراژیدی دەگەن، ئەو ژینگە و زەمینانەن كەخەڵك و نیشتیمانەكان دەبنە خاكێكی بەپیت بۆ ڕوانی ئەوان و كەسەكانیش دەبنە ئەو هێز و ئاپۆڕانەی كە تاوانە دڵڕەقەكان ئەنجام دەدەن. گۆستاف لۆبۆن لە نوسینەكانی دەربارەی دەروونناسی رەفتاری جەماوەر كەلە ساڵانی دەیەی 1890 نوسیویەتی باسی هێڵە گشتیەكانی ئەو یاسا دەسەڵاتدارارانە دەكات كە حاكمن بەسەر رەفتاری گشتیدا. بەبڕوای ئەو " چالاكی بە كۆمەڵ نیشانیداوە كەچۆن هەندێك كەس لە هەلومەرجی دیاریكراودا عاقڵانە رەفتار دەكەن، كەچی لەژێر كاریگەری هەژمونی كۆمەڵ و ئاپۆڕەدا رەفتاری ناعەقڵانی دەكەن، رەفتاری گشتی هەمان ئەو رەفتارە نائەقڵانی و تەنانەت غەریزی و وەحشیانەن كەدژ و ناكۆكن لەگەڵ رەفتاری عەقڵانی كەسانی شارستانیدا."26

وەڵامی ئەم پرسیارە بەشێوەیەكی رۆشنتر و وردتر لەلایەن هەردوو بیرمەندی فەرەنسی( جۆرج سۆرێل) و (هێنریك دۆمان) وە لە شیكردنەوەی ئەفسانەی توندوتیژی كۆمەڵایەتی بۆ ستەمكاری و كارەساتەكانیان بەم جۆرە دراوەتەوە:

جۆرج سۆرێل: " ئێمە لەقەڵەمڕەوی ئەفسانەی کۆمەڵایەتیدا دەژین، ئەو ئەفسانەیەی کە وەکو هێزی کۆکەرەوەی خەڵك کاردەکات و هەم لەسەر ئایندەی خەیاڵی دامەزراوە. ئامانجی ئەوان داگیرکردنی مەیدان و دۆزینەوەی ئەو کارو چالاکیانەیە کە لەسەر بنەمای ویستی گشتی دامەزراوە. تایبەتمەندی سەرەکی ئەو ئەفسانەیە کۆکردنەوەی هێزە کۆمەڵایەتی و بنەما ناعەقڵانیەکانە کە خراپ بەکارهێنانیان لەلایەن سیاسەت و دەسەڵاتەکانەوە هەمیشە لە ئارادایە"27. ئامانجی ئەم ئەفسانە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە کە زۆربەی جار بەرگی پیرۆزی و ئاینی لەبەر دەکەن لەسەر دوو پایە وەستاوە، یەکێکیان یۆتۆپیا و نمونەی خەیاڵی و بەزۆر دروستکراوی سیاسەت و دەسەڵات و کۆمەڵگایە کەدەبنە تۆتالیتاریزم و ئەوی دیکەیان کۆنەپەرستی کە دژی هەموو ماف و ئازادی و عەدالەت و بەشدارییەکە. تەنها بەشداری خەڵك لە ئەفسانەی کۆنەپەرستیە کۆمەڵایەتیدایە ئەوەیە وەکو هێرشی مێگەل و دڕەندەکان پەلامار بدەن و وێرانکاری و کۆکوژی و تاوان ئەنجام بدەن، ئەمەش هەمان ئەو بەشدارییە مێگەلی و دڕندانەبوو کەسوننەی عەرەب و تورکمانە سوننەکان پەلاماری ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك و شیعەکانیاندا لەشاری موسڵ و ناوچەکانی.

(هێنرێك دومان) وەکو جۆرج سۆرێل بەخستنەڕووی پرسی پاڵنەرەکانی هێزی کۆمەڵایەتی لەناو ئەفسانەی کۆمەڵایەتی کتێبێکی نووسی بەناوی " دەروونناسی سۆسیالیزم" و لەساڵی 1926 لەوتارێکیدا بەناوی " لەودیوی مارکسیزم" : " من لەدوو شت دڵنیام، یەکەمیان ماتریالیزمی مارکس یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی پاشەکشەی سۆسیالیزم، و دووەم جەنگی جیهانی یەکەم سەلماندنی کە سۆسیالیزم هێزێکی شۆڕشگێڕ نەبوو، چونکە بیرو باوەڕێك نەبوو کەخەڵك بخوازن لەپێناویدا بمرن."28

کارەساتی ئەفسانە کۆمەڵایەتیەکان لەوەدایە کەدەتوانن وا لەخەڵك بکەن بیانەوێت لە پێناویاندا بمرن و بکوژن، فاشیزم و ستەمکاری خەڵك دەخەنە نێوان دوو ڕێگاوە یان دەکوژیت یان دەکوژرێییت؟

دوو تایبەتمەندی ڕەسەنی فاشیزم بریتین لە ناکۆکی و نەیاری بەرامبەر عەقڵ و هۆش و لەجیاتی ئەوان پەیڕەوەییە لەویست و ڕۆحیەت ( ڕۆحیەت دۆخێکە کە هەست بەسەریدا زاڵ بێت،وەکو حاڵ لێهاتن). هەرچەندە ئەم دوو تایبەتمەندییە ڕەگ و ریشەیان لە هەمان زەهنیەتی فاشیستیدایە کە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی هەژموون و بزاڤ و ئاپۆرە و پەلاماردان، کە بنەما و پێکهێنەرەکانی ئەفسانەی کۆمەڵایەتی دەکاتە ئاکام. تایبەتمەندی یەکەم نەیارییە بەرامبەر بەتیۆری زانین و بیرمەندی و ئەوی دیکەیان بەدی هێنەری ئەو بڕوایەیە کە سیاسەت و کۆمەڵ دەبنە یان دەکرێنە قەڵەمڕەوی خەبات و جەنگی هەمیشەیی. ئەمەش هەمان ئەو ڕەوش و ئاکامەیە کە ستەمکار و بزاڤە ئاپۆرەکان بەسەر خەڵکیاندا هێناوە و داعش هەمان ئەو حاڵەت و حاڵ لێهاتنانەیە کە بزاڤە ئیسلامیەکانی دیکە تەنها لەمەیدانی چالاکان و هەڵسوڕاوانی ئوسوڵیەتی ئیسلامیدا ئەنجامیاندا، بەڵام داعش دەستی گەیشتە ڕەفتاری گشتی کۆمەڵ و ئەفسانەی وەحشیەتی کۆمەڵایەتی لەکارەساتدا بەرجەستەکرد.

بۆچی بزوتنەوە فاشیستی و بونیادگەراکان بێزارن لەژیانی خۆشی و پشودان؟ لەبەر ئەوەی بە بڕوای ئەوان مرۆڤ لەبنەڕەتدا بونەوەری نائەقڵانین، هەربۆیەش زانست و بیر و تیۆر ناتوانن وەکو هێزی کۆکەرەوەی خەڵك کاربکەن. لەلای ئەوان هیچ وەکو ڕەوشی چالاکی و جموجۆڵ و کۆبونەوە و ئاپۆرە و پەلامار ناتوانێت ڕێنمایی بزاڤەکەیان بکات. ئەوان پێویستیان بەوەیە کەس و ئەندام و چەکدارەکانیان هەمیشە لە حاڵ لێهاتن و چالاکی و پەلامار و هێرشدابن. ئەمەش ئەو

ئاکامەیە کە ئەو بزاڤ و سیاسەتانە لەماوەیەکی کەمدا زۆرترین کار و چالاکی و تاوان ئەنجام دەدەن و زۆرترین کەس دەکوژن و زۆرترینیان لێدەکوژرێت و خراپترین کارەساتیش لە ماوەیەکی کەمدا دەقەومێنن.

نەیاری و دوژمنایەتی فاشیزم بەرامبەر بەروناکبیران و تیۆری بیرمەندی لەوەدایە کە روناکبیر و تیۆر و بیرەکان بەدوای راستیدا دەگەڕێن بەهۆی عەقڵەوە، بەڵام بەبڕوای فاشیزم ستەمکاری نابێت بپرسێت کام بڕوایە راستە، بەڵکو دەبێت ئەو بڕوایە پەسەند بکرێت کەویست و خرۆش و چالاکی بەکاریگەرترین و بەهێزترین شێواز بەیان دەکەن و زیاتر لەهەموویان دەتوانن خەڵك کۆبکەنەوە. کارو چالاکی لای ئەوەان بنەمای ئاڵوگۆڕی تاك و کۆمەڵە، نەك بیر و ئەندێشە. لەم پرسەشدا خودی فاشیزمیش لەلای خۆیان ئەو تیۆرە نیە کە دەبێت بزانرێت، بەڵکو ئەو بنەما گشتیەیە کەهەمووان هەستی پێبکەن و دەبێتە نهێنی ژیانیان، نهێنی ژیان دەبێتە یان لە راستیدا دەکرێتەحەقیقەتی گشتی خەڵك.بەڵام رووناکبیران بەجیاکردنەوەی ئەندێشە لەکار و گرنگیدانی تەواو بە ئەندێشە و ستایش کردنی عەقڵ و بەدەست هێنانی ئاکامی هۆشمەندانە لەگەڵ ئەم هەموو کار و چالاکی وسەرسپاردنانەدا ناکۆك و نەیارن، ئەمەش ئەوەیە کەستەمکاران و بەدیهێنەرانی کارەسات نایانەوێت.ئەوان دەیانەوێت زۆرترین خەڵك سەرسپاردەیان بن و بیانخەنە هێرش و پەلامار و ئاپۆرە و ئاشوبەوە.

نەیاری ئەوان بەرامبەر بەبیر و ئەندێشە تەنها لەبەر ئەوەنیە کە خۆشییان لە عەقڵ و تێۆری و بیرەکان نایە،بەڵکو بەیانکەری ئەو تێگەیشتنەیە کەدەبێتە یان دەکرێتە ( ئیمان)، واتە هاوتایەکە لەبڕوای ئاینی نەك بیر و ئامۆژگاری عەقلانی. لەلای ئەوان خەڵك پێویستی بەوەنیە کە تێبگات، بەڵکو دەبێت باوەڕبکەن و ئیمانیان هەبێت. چوار چێوەی گشتی باوەڕهێنان لەلای ستەمکاری و فاشیزم لەسەر بنەمای زمان و رواڵەت گەرایی دامەزراوە، کەزیاتر ئایینە نەك بیر و تیۆری، تەنانەت هێندەی لە ئاین نزیکن ئەوەندە لە ناسیۆنالیزم نزیك نین. هەربۆیەش مۆسۆلینی و جەنتیلی لە " ئامۆژگاری فاشیزم" دا بەدڵنیابوون لەسەر پێڕەوی لە کار و چالاکی، باسی ئەوەش دەکەن کە فاشیزم ئەندێشەیەکی ئایینییە:" فاشیزم مامەڵەیەکی ئایینییە کەتیایدا مرۆڤ لەپەیوەندیەکی دەروونی و رۆحانیدایە لەگەڵ یاسایەکی باڵاتر و ویستێکی بابەتی کە لەتاك فراوانتر و بەهێزترە و سەرئەنجام دەیکات بە ئەندامێکی ئاگا بۆ کۆمەڵێکی مەعنەوی. فاشیزم بڕوا و مامەڵەیەکی مەعنەیەو لەوێدا دەوڵەت لە جێگای خودایە. دەوڵەتی فاشیست هێزێکە، بەڵام هێزێکی مەعنەوی و رۆحی رۆحەکانە. لەلای هێتلەر و نازیەکانیش برتیە لە( شۆڕشی رۆح) و پشت بەتێگەیشتنی مەعنەوی لە ماهیەتی گشتی دەبەستێ.

هەموو بزاڤ و دەسەڵاتە فاشیستەکان بە ئاینی و نەژادی و ئایدۆلۆژیاوە پشتیوانی تەواویان لەسەر ئەفسانەی کۆمەڵایەتی و ئەو هێزە زەبروزەنگەیە کە ئەم ئەفسانەیە سەرکردایەتی دەکات. بەڵام لەلای بزاڤ و دەسەڵاتە ئایینی و بونیادگەراکان ئەم کارە زۆر ئاسانتر و ئامادەترە، چونکە خودی ئاین لەسەر بنەمای ئەفسانەکان دامەزراوە و لە ئیسلامدا وێڕای هەموو ئەفسانەکان لەسەر بنەمای ئەفسانەی توندوتیژی و تۆڵە و تەکفیر کردن و لەناوبردنی نەیار و دوژمنەکان هەمیشە لە دەقەکانی ئاین و لە تەفسیرە سیاسیەکانیشدا ئامادەن و ئەمەش ئەو نهێنی و رۆحەیە کە ئەو بزاڤانە بەو شێوەیە گەشەیان کردووە و بەو جۆرە بەجیهانی ئیسلامیدا بڵاو بونەتەوە.

عیشق بۆ ترس و مەترسی، خۆڕاهێنان و عادەت گرتن بەچالاکی و وزە و ئازایەتی بێباکی و پەلاماردان، یەکێکی دیکەیە لە ئەفسانەکانی کۆمەڵایەتی لەدیدگای فاشیزم و بونیاد گەراییدا. ئەم رەوشانە لەلای ئەوان تەنها بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و بەرژەوندی سیاسی نیە، بەڵکو بەیانێکی دڵخوازی جوانی ناسیە. جەنگ لەلای ئەوان تەنها هۆکاری دروستکار و بەدیهێنەری جیهانە، دەبێت ستایشی جەنگ بکەن. لەلای ئەوان جەنگ هەموو هێزەکانی مرۆڤ بەباڵاترین ئاست دەگەیەنێ و مۆری رەسەنی و نەجابەت لەو مرۆڤانە دەدات کە ئازایەتی ئەوەیان هەیە خۆیان بخەنە جەنگ و مەترسیەوە، هەربۆیەش ستایشی جەنگ دەکەن و پێویستیان بەوە نیە کە هۆکار یان بەهانەیەك بۆ جەنگ بدۆزنەوە، یان بنەمای عەقڵانی و ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ بهێننەوە،بەڵکو ئەوان سەرەتا و کۆتاییان هەر تەنها لە جەنگدایە.

ئەفسانەیەکی دیکەی ستەمکارانی ناو کارەسات کە لەئاستی کۆمەڵایەتیدا دەتوانن هێز و توانای خەڵکی پێ کۆبکەنەوە پەیوندارە بە پاشەکشەی ئامانجی " قارەمانێتی" ئەو نەتەوە و ئایین و کۆمەڵانەی کەلە مێژووی خۆیاندا نەیانتوانیوە قارەمانێتی بەرامبەر بەستەم و چەوسانەوە یان بەرامبەر به داگیرکاران بنوێنن. بۆ رۆشنکردنەوەی ئەم پرسە کە بەرجەستەکردنی ئەفسانەیەکی کۆمەڵایەتی مەسخەرە و کارەسات هێنەرە دەتوانین تەماشای مێژووی سوننەی عەرەب بکەین لە عێراق و سوریا. جەماوەر و کۆمەڵی سوننەی عەرەب لە عێراق و سوریا لەسەردەمی عوسمانیەکاندا زۆریان نۆکەر و بەکرێگیراوی دەسەڵاتی ئەوان بوون، لەسەردەمی هەردوو دەسەڵاتی ئینگلیز و پاشایەتی لەعێراق، و فەرەنسی و بەعسیەکان لەسوریا سەرەڕای بەهرەمەندبوونیان بەڵام بەتەواوی پاشەکشەیان کردبوو لەهەموو داواکاریە نەتەوەیی و ئایینیەکەیان. لەسەردەمی بەعسی سوریا کە حیزب و دەسەڵاتی عەلەوییەکان بوون سوننەی عەرەب لەهەموو مەیدانەکان پاشەکشەیان کردبوو، تەنانەت نەیانتوانی هیچ هەلومەرجێکی خەبات و دلێرانە بهێننەدی کە شایستەیی و شانازی بۆ خۆیان دروست بکەن. سوننەی عێراق هەرچەندە لەسەردەمە جیاوەزەکاندا دەسەڵاتی رەهایان هەبووە و بەهرەمەندبوون لە هەموو شتێکی ئەو دەسەڵاتە و هۆکار و ئامرازی سەرکوت و جەنگ و مەترسیەکانی ئەو دەسەڵاتانەش بوون، بەڵام لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا و پاش ئەوەی دەسەڵاتی شیعەکان لە عێراقدا بەرەوە بەهێزی دەچوو، ئەوان هەستیان بە پاشەکشە و مەترسی کرد و لەبەرامبەر ئەمریکا و شیعەکانیشدا نەخەبات و بەرخودانیان ئەنجامدا و نەتوانیان قارەمانێتی بکەنە ناسنامەی خۆیان. سەرنجام لەدوای دەرکەوتن و بەهێزبوونی رەوتە ئیسلامی و قاعیدی و داعشەکان ئەم دوو بەشەی سوننەی عەرەب لە عێراق و سوریا بوونە هێزی کۆمەڵایەتی ئەوان بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو دەسەڵات و شکۆ و شانازییەی لە رابردوودا هەیانبوو . بەڵام ئەوان لەجیاتی ئەوەی نەخشی قارەمانی ببینن لەبەرامبەر ستەم و داگیرکاریدا، ترس و نەهامەتی خۆیان بەرەو توندوتیژی و هیچ و پوچی وبێ بڕوایی برد و ئەمجارە ئەوان بوونە ئەو بوونەوەرە دڕندانە و ئەو وڵات و نیشتمانەی کە لە دژی هەمووان خۆیان بە بێ هێزەکان تاقی کردەوە و ئەو هەموو کارەسات و قوربانی و توندوتیژیەیان تۆمارکرد، کە تەواوی مێژووی ئایندەی ئەم دوو وڵاتە دەبێت باسیان بکات.

ئەگەر ئەوان ترس و نائومیدی و ستەمەکانی سەرخۆیان بکردایە بەهێز و توانای کۆمەڵایەتی بەرەو ئازادی و رزگاریخوازی و ئامانجی بەدەست هێنانی یەکسانی و دادپەروەری، کە هەموو ئەمانە دەتوانرێت لەزاراوەی قارەمانێتیدا

کۆبکرێنەوە و ئەم زاراوەیە بەتایبەت لەسەردەمی جەنگ و کارەساتەکاندا بەرامبەر بەجەللاد و ستەمکاران دەبێتە دژ و نەیار. بەڵام ئەوان لەسەردەستی تیرۆر و فاشیزمی ئیسلامی( داعش و نەسرە و نەقشبەندی و بەعس و بەرەی ئیسلامی و ناوەکانی دیکە) ئەفسانەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی دزێویان دروستکرد کە ئەویش وەرچەرخانی هەموو ئەو مەترسی و ناخۆشی و نائومێدی و نەهامەتیانەی کۆمەڵەکانیان بوو بەرەو تیرۆر و فاشیزمێکی ئایینی خوێن رێژ و بەدیهێنەری کارەسات. ئەگەر قارەمانێتی ئەفسانە و داستانێکی کۆمەڵایەتی پەسەند بێت بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری، بێگومان ئەفسانەی داستانی کۆمەڵایەتی و ستەمکاری تیرۆر و فاشیزمی ئیسلامی دەبنە هۆی هێنانەدی ترس و کارەسات و ئەو کۆکوژیانەی کە ئێستا بزاڤە ئیسلامی و لەشکرەکانیان لە جیهانی عەرەب و ئیسلامدا ناویانەتەوە. ئەو داستان ئەفسانانەی کەئێستا داعش و نەسرە و هاوشێوەکانیان لەتراژیدی و کارەسات و کۆکوژیدا بەرجەستەیان کردووە، هەمان ئەو داستان و ئەفسانە دزێوانەیە کە فاشیستەکانی ئیتالیا و نازیەکانی ئەڵمان و هاوشێوەکاینان لە ئەوروپا و جیهان شانازیان پێوەکرد. مۆسۆلینی لە ناپۆلی بەم شێوەیە باسی ئەفسانەو داستانی خۆیان دەکات: (ئێمە ئەفسانەی خۆمان هێناوەتەدی، ئەم ئەفسانەیە ئیمانە، شەوق و شورە. پێوستی بەوە نیە کە واقعی بێت. بەومانایە واقعی و راستە کەجولێنەرە، ئومێدە، ئیمان و دلێرەییە. ئەفسانەی ئێمە نەتەوەو، مەزنایەتی نەتەوەیە. بەبڕوای ئێمە نەتەوە تەنها قەڵەمڕەوێك نییە، بەڵكو پرسێكی مەعنەویە، نەتەوەی ئێمە نەتەوەیەکی مەزنە کە هێزە رۆحیەکانی خۆی دەکات بە واقعیەت.) 29. ئەمەش هەمان ئەو ئیمان و شەوق و شور و دلێریەیە کەداعش لە جیاتی نەتەوەی فاشیستەکان، ئاینی ئیسلام و پەیڕەوە سیاسیەکان کردۆتە ئەو پرسە مەعنەوی و ئەو هێزە رۆحیانەی کە ئەم ستەم و کارەساتانەیان پێ هێناوەتە دی.

**سەرکەوتنی کارەسات**

یادەوەری یان بیرکردنەوە لە کارەسات، بێگومان هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەخاتە ترس و رەقەوە. بەڵام هەندێك کەس هەن بەهۆی ئەزمونی تایبەتی یان رامان لە کارەساتە مێژوویەکان، یان بەهۆی پابەندبوونی قوڵتر بە بەهاکانی مرۆڤایەتی و دەرگیربونیان لەگەڵ کێشەکانی رەنج و ئازاری مرۆڤ، ئاگری رقی خۆیان لە ئاوی ساردی خەمدا نقوم دەکەن و لە خۆیان دەپرسن: بۆچی؟ تاکەی؟ لە پێناوی چی؟ ئەم کارەساتانە بەردەوام سەرهەڵدەدەن و مرۆڤایەتی دەخەنە مەرگە ساتەکانەوە. کەسانی دیکەش پەیدا دەبن کارەساتە مێژوویی و مرۆییەکان بەپرس و رامانی فەلسەفی وەڵام بدەنەوە.هەندێکی دیکەش وەڵامی پرسیارەکانی کارەسات و گومان و نەزانینەکانی مرۆڤ بە رەشبینی دەدەنەوە و زۆرێك لە کەسانیش، بەتایبەتی ئەوانەی توشی کارەسات بوون یان لەنزیکی ئەوان کارەساتەکان قەوماوە، بێدەنگی تراژیکی یان مۆنۆلۆگی سەودایی هاملێت دەبێتە وەڵامەکانیان. کەسانی دیکەش پەیدا دەبن بەوێنا و رامانی جوانی ناسی، رەنج و مەرگ دەکەنە سەرچاوەی پشتیوانی خودی ژیان. لەوانەیە زمانی ئەدەب و هونەر بتوانێ مەتەڵی رەنجەکانی ژیان بەشێوەی پێویست بەیان و وێنا بکات، بەڵام لە هەمان کاتێشدا دان دەنێت بەلاوازی و بێتوانایی خۆییدا لە دەربڕینی هەر وڵامێکی رۆشن یان (راست).؟

بەرهەمەکانی( فرانز کافکا) پڕن لە تاسانی ئەو کارەساتانەی کە ساڵان لە دوای مەرگی خۆی روویاندا. لە کاتێکدا باسی باڵایی و توانای هونەر دەکەین بۆ ناسینی کارەسات مە بەستمان لەوە نیە کە ناتوانین یان نابێت دیدگای فەلسەفی

و تیۆریمان بۆ کارەسات هەبێت. ئامانجی ئەم روانگەیە بێگومان تێگەیشتنە لە هۆکار و زەمینە مێژووییەکانی کارەسات و ناسینی مانای راستەقینەیە بۆ قوربانیان و جەللادان و خودی ئێمە.

بەڵام ئەم هەوڵە فەلسەفی و تیۆری و سیاسیە بۆ ناسینی کارەسات لەگەڵ دوو مەترسی گەورە رووبەڕوو دەبێت:

یەکەم هەر بڕوایەك کە بیەوێت ئاشکراکردن و تێگەیشتنی تەواوی کارەسات بەدەست بهێنی، بێگومان دەبێتە نادیدەگرتنی ماهیەتی راستەقینەی کارەسات، وەکو روداوێك کە شایەنی تێگەیشتن نیە و دژی عەقلانیەتە. لە رووداوەکانی کارەساتدا هەرگیز ناتوانین هەڵوێستی بێلایەنی هەڵبژێرین و وەسف و وێنای بابەتیانەی رووداوەکان بکەین. ئاخر مرۆڤ چۆن دەتوانێت بێلایەنی باسی کوشتنی کۆرپەکان لە سکی دایکاندا بکات، یان بتوانێ وێنای ئەو دیمەنە بکات کە دایکان و باوکان خۆیان بریندار کردووە، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان خوێنەکانیان بخۆنەوە و لە چیای شەنگال لە برسان و لە تینوێتی نەمرن. یان چۆن دەتوانین دڵ و دەروونی ئەو دایك و باوکە وێنا بکەین کە ( عەزیز)ی پێنج ساڵانەیان لە چیای شنگال بەجێهێشت و پاشان لە برسان و لەگەرمان کوێر بوو، پاشان دوای چەند رۆژێك لەکوردستانی رۆژئاوا مرد. دایك و باوکی عەزیز وتیان لەبەر منداڵەکانی دیکە نەماندەتوانی عەزیز هەڵبگرین و لەو رێگا دوورەدا لە باوەشی بگرین بۆیە بەجێمان هێشت. سەخترین رەهەندی کارەسات ئەوەیە کەشایەنی باوەڕکردن و وێناکردن نیە و یادەوەری و بیرکردنەوەشی زۆر سەخت و پەرێشانیە و تەنانەت زمانە بەهێزەکەی شیعریش بێتوانایە لە وێناو تێگەیشتنی تەواو بۆ کارەسات.

ئەوانەش لە کارەساتەکان بە جێماون یان بە موعجیزە رزگاربوون ناتوانن بە خەیاڵی ئاسودە. و لە باسی بەسەرهات و روداوەکانیان بکەن، چونکە ئەوان ناتوانن دەنگی ئەو کەسانە لەیاد بکەن و وێنای ئەو دیمەنانە فەرامۆش بکەن کە لەسیاچاڵەکانی بێدەنگی و بێڕەنگی کەسەکان وەکو تارمایی کوژراون و ونکراون، ئەو تارماییانەی کە هەرگیز ناتوانن باسی بەسەرهات و یادەکانیان بکەن .بێهودە نەبوو کە زۆربەی بەجێماوان یان رزگاربوانی کارەساتەکان نایانەوێت باسی تراژیدیا و مەرگەساتەکانیان بکەن و ئەگەریش ناچارین یادەوەرییەکان بگێڕنەوە، باسی ئەزموونی تایبەتی خۆیان ناکەن و هەتا بۆیان بکرێت لە بەکارهێنانی راناوی کەسی یەکەم (من) دوور دەکەونەوە. بێگومان مەبەست و ئامانجی ئەوان لەم شێوازی باس و یادەوەرییە بەدەست هێنانی رەوشی بابەتی یان بێلایەنی نیە، بەڵکو دەیانەوێت لەوە دڵنیاببنەوە کە مەودایەکی ناچاری هەیە لە نێوان واقعیەت و باسەکاندا کە هەرگیز ناتوانن لێی بپەڕنەوە. نادیدەگرتنی ئەم مەودایە و هەوڵدان بۆ رۆشنکردنەوەی تێگەیشتنی تەواو لە کارەسات، واتە نکۆڵی کردنە لە ماهیەتی راستەقینەی وەکو رووداوێك کە هەرگیز شایەنی تێگەیشتن یان باوەڕکردن نیە. ئەم کارە نەك تەنها خیانەتە لە قوربانیان، بەڵکو راستینەی مێژوویی رووداوەکانیش تەحریف دەکات.

تەنانەت زۆر گوتن دەربارەی کارەسات و ئاماژەکردنی زۆر بەو کارەساتە وەکو پرسێکی رۆشن و شایەنی تێگەیشتن، دەیکات بەبەشێك لە ژیانی رۆژانە و ئاسایی و ئەمەش لە رەوشی راستەقینەی کارەسات دەیباتە دەرەوە. لاوازترین فەرهەنگ و هەڵوێستی هەر نەتەوە و کۆمەڵێك لەوەدا دەرئەکەوێت کە کارەسات وەکو شتێکی ئاسایی و ئاسان رووداو لەژیان و مێژووی خۆیان ببینن، واتە وەکو وێستگەیەکی تراژیدی و رووداوی تاسان و مەرگەسات تەماشای نەکەن. ئەم کارە لەڕاستیدا فێڵ و خۆگێلکردنی زمانەوانیە بۆ ئاسایی کردنەوەی تاسان لەو هەواڵ و باسانەی کە دەیانەوێ

ڕووداوەکان بکەنە پرسێکی ئاشنا و ئاسایی و لەئاکامدا بەهۆی چەند وشەیەکی بێماناوە پوچی دەبێتە ئەزمون و بێهودەیی دەکرێتە مێژوو، تەنانەت لەهۆشیاریشدا هەوڵ و تێگەیشتنی کەمتر بەکار دەهێنن.

دووەم– بێتوانایی ئێمە لە شیکردنەوە و تێگەیشتنی پێویست بۆ کارەسات، لەبنەڕەتدا بەشێکە لەماهیەتی خودی کارەسات وەکو روداوێکی باوەڕپێنەکراو یان سەخت بۆ تێگەیشتن. هەر لەبەر ئەمەشە کە هەموو هەوڵەکان بۆ کاریگەری لەسەر قوربانیان و جەللادان و دەستکاریکردنی مانای راستەقینەی ڕووداوەکان لە مێشك و دەروونی ئەوان، ناتوانن نەخشی گرنگ و بەهێزیان هەبێت. وێناکردنی روخساری ئەهریمەنی بۆ جەللادان دەبێتە هەوڵێك بۆ پەیوەندیکردن بەو ماناو تێگەیشتنەی کە ئەوان لە کارەساتدا مەبەستیان بووە، یان پەیوندارە بەو پەیگیری و کاریگەرییەی کە ئەوان لە ئەنجامدانی کارەساتدا  بەکاریان هێناوە. تەنانەت دڵنیایی زیاتر لە پێویست دەربارەی سادیزمی جەللادان وەکو لایەنی تاریك و ئەهریمەنی بکەری ناخود ئاگا یان حاڵ لێهاتوو بەرەو تەحریفی کارەسات و نەبینینی پەیوەندی ئەو بکەرانە لەگەڵ عەقڵی مۆدێرن و رژێمی دەسەڵاتدار بەسەر ژیانی رۆژانەدا دەڕوات. نابێت لەبیرمان بچێت کە نازیەکانی ئەڵمانیا بەرنامەی پاکتاوی نەژادییان بەشێوەی مۆدێرن و بەسوود وەرگرتن لە پێشکەوتوترین سیستەمی سازمان و بەڕێوەبردن بە ئاکام گەیاند.

لەڕاستیدا، ئەگەرچی خراپەی ئەهریمەنی و بەدیهێنەرانی کارەسات دەتوانن وەکو دیاردەیەکی درێو، گەوجانە و بەجێماو لە دڕندەیی و سوکێتی خۆیان بنوێنن، کە زۆربەی کاتەکان وا دەرئەکەون. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئامادەیی بەهێز و بەردەوامی کارەسات لە پەیوەندی و روداوە ئاسایی و نەزانەکانی ژیانی رۆژانەشدا دەرئەکەون و هەمان روانگەی سارد و هەڵوێستی نابەرپرسیارن کە تاسانی کارەسات چەندان جار زیاتر دەکەن. واتە کاتێك کە هەڵوێست و روانگەی خەڵك بەرامبەر بەئەقڵ و دەروونە درێوە گەوج و وەحشی و سوکەکان کاردانەوەیەکی ئاساییە، سەرئەنجام لە یەکانگرتنێکی مێژوویدا ئەو عەقڵ و دەروونانە کارەساتی وەکو کۆمەڵکوژیەکان دەسەپێنن، ئەمەش لایەنێکی دیکەی تاسانە بەرامبەر کارەسات و ئەو ئەقڵ و دەروونانەی کەکارەسات ئەنجامدەدەن. لەم پرسەدا ئێمە لەگەڵ دو هەڵوێستی ناخۆش یان بەدیهێنەری تاسان ڕووبەڕوو دەبین: یەکەم،ئەوانەی بەهۆی نزیکی بیرو باوەڕ و ئیمانیان لەگەڵ جەللادان و جێبەجێ کەرانی کارەسات هەڵوێستی دژی ئەوان نانوێنن، وەکو هەڵوێستی زۆربەی ئیسلامیە سیاسیەکان و هەندێك لە بڕوادارانی ئیسلام بەرامبەر داعش و کارەساتەکانیان، کە لەعەقڵ و دەروونی خۆیاندا لایەنگریانن و ئەگەر بۆشیان بکرێت دەری دەبڕن. یان ناڕاستەوخۆ لە دژی قوربانیانی غەیرەدین و بێگانە هەڵوێست دەردەبڕن، ئەو قوربانیانەی کە هاودین وهاو هاوبڕواکانی ئەوان کارەساتیان بەسەردا هێناون، وەکو هەڵوێستی نەیاری ئیسلامیەکان و هەندێك لە مەلاو بانگخوازەکانیان بەرامبەر بە ئێزیدی و شەبەك و کاکەیی و مەسیحی یەکان، یان بەرامبەر بە شیعەکان کە تەنانەت بە ئیسلامیشیان نازانن.

دووەم، لەم پرسەدا دەسەڵات و کاریگەریی سەخت و ترسناکی ئەهریمەنی خراپە لەناو سیستەمی ( عەقلانی) دەسەڵاتداردا بەشێوەی یاسا، دادگا، فەرهەنگ و بیرو باوەڕی ئاینی و هێزی سەربازی دا دەرئەکەون و ئیدی  ژیانی ئاسایی و کارەسات دەکەن بەیەك و جارێکی دیکە ناسینەوە و ناساندنی کارەسات مانای راستەقینە و ترسناکی خۆی دەخاتە ناو ژیان یان تیایدا رەنگ دەداتەوە.

وێڕای هەموو جیاوازی و هەڵوێستەکان بۆ ناسین و ڕۆشنکردنەوەی کارەسات، بەڵام ڕۆمانتیزە و ڕازئامێزگرتنی کارەسات، یان هەوڵەکان بۆ تێگەیشتنی زانستی و بابەتی ناتوانن مانای ڕاستەقینەی کارەسات بەیان بکەن، چونکە لایەن و ڕەهەندە ناکۆکەکانی کارەسات یان بەرجەستەکرنی یەکێك لەو لایەنانە بەنرخ و بەهای مەتەڵی کارەسات تەواو دەبێت و سەرئەنجام تێگەیشتن لە کارەسات بە یارمەتی عەقڵ دەبێتە کارێکی سەخت. بەڵام کارەساتەکانی سەردەمی خۆمان لە یەك کاتدا هەم ئاوارتەن و هەم ڕێسان، هەم ئەنجامی لۆجیکی هەلومەرجی مێژووین و هەم نکۆڵین لە هەر ئەندازەیەك لەسنوری لۆجیکی و عەقڵانی لە مێژوودا. کارەساتەکان پڕن لە گەوجی و دزێوی و سوکێتی و هەم کارێکی بڕیاردراوی ترسناك و باوەڕپێنەکراون. هەمان ئەو ناکۆکیە دەروونی و عەقڵانیەن کە کارەسات دەکەنە مەتەڵ و ڕووداوێکی باوەڕ نەکراو، کە وێنا و تێگەیشتنی مەیسەر نابێت.

ئەوەی لە کارەساتەکانی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا ڕوویاندا ئاوێتەیەك بوون لە پاکتاوی نەژادی و ئایینی سازماندراوی فەردی و کۆمەڵایەتی. ئەم دوولایەنە تاڕادەیەکی زۆر لە هەموو کارەساتە مێژووییەکانی سەردەمی ئێمەدا بوونیان هەیە، هەرچەند بەزۆری یەکێك لەوان نەخشی بڕیاردەری بینیووە. توندوتیژی و دڵڕەقی ڕێکخراو و سەرکێش و بڕیار و کارە توندڕەوەکان کە شایانی باوەڕکردن نین لەگەڵ ئەو دوولایەنەی دیکەدا ڕووداوەکانی کارەسات دەقەومێنین، کە ئەم دڵڕەقی و سەرکێشیە تایبەتمەندی سەخت و تراژیدیی کارەسات بەرجەستە دەکەن. ئەوەی کە ئەم ڕەهەندانە دەکاتە یەك ماهیەتی نەژادپەرستی یان فاشیستی ئەو کەسانەیە کەکارەسات ئەنجام دەدەن. فاشیزمەکانی نەژادی و ئایدیۆلۆژی و ئایینی( نازیزم، ستالینیزم و بزاڤە ئیسلامیەکانی وەکو داعش و تالیبان وقاعیدە و نەسرە و بۆکو حەرام و شەبابی سۆماڵی) توندڕەوترین، توندوتیژترین و پەیگیرترین شێوازی نەڤ یا نکوڵی کردنی ڕەهان لە (بەرامبەر) یان (ئەوی دیکە)، کە دەکارن نەڤ و نکوڵی ڕەها بکەن لە ماڤ ژیان بۆ ( ئەوانی دیکە)ی کە وەکو خۆیان نین، کە بێگومان ئەمکارە بەشێوەی بیروباوەڕ و بەرنامەی سازماندار و جێبەجێ دەکەن و پاشان پەیگیری و سووربوونی کردەیی بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە.

ئاوێتەکردنی ئەم دوو بەرنامەیە هەمان ئەو شتانەیە کە نازیزم و فاشیزم لە شۆڤینیزم جیادەکاتەوە، یان فاشیزمی ئیسلامی لە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی جیادەکەنەوە. لەپێش نازیەکان هەندێك گروپ و ڕێکخراوی سیاسی و شۆڤێنی وەها هەبوون کە لەئاستی تیۆری و سیاسیدا لە دژی ئەوانی دیکە دەجەنگان و پرۆژە و بەرنامەکانیان بۆ ئەم مەبەستە دەخستەڕوو، بەڵام پرۆژە و بەرنامەکانیان لە قۆناغی جێبەجێکردن نزیك نەبوونەوەو لە ڕاستیدا ئەوان کاری ڕاگەیاندن و هاندانیان دەکرد. بەڵام نازیەکان توانیان هەر لەسەرەتاوە پرس و کێشەکانی تایبەت بەنەهێشتن و چارەسەری ئەوانەی بەدوژمنیان دەناساندن بە کردەیی و پەیگیری جێبەجێ بکەن.ٍ فاشیزمەکانی نەژادی و ئایدیولۆژی و ئایینی زیاتر بەپەیگیری و سووربوون و کارایی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان ناسراون و بە ئاشکراش ئەمکارە دەکەن و ڕایدەگەیەنن، لەم پرسەشدا هیچ ناکۆکی و دڕندۆگی و کەمکاریەك پیشان نادەن. ئەمەش لایەن یان ڕەهەندێکی دیکەی خراپ و نامرۆیی کارەسات و ئەوانەیە کە کارەسات ئەنجامدەدەن.

بۆچی خەڵکانێك هەتادوێنێ بە ئاشتی و ڕێکەوتن لەچوارچێوەی کۆمەڵێکدا پێکەوە ژیاون، لەپڕ دەکەونە گیانی یەك و بەشێك لەو کۆمەڵە ( تاك و جەماعەت) مافەکانی ژیان و ماف سەرەتایی بەشێکی دیکەیان بە شێوەی سازماندراو

بەرنامەرێژی و بەوپەڕی توندوتیژی و دڵڕەقی دەخەنە ژێرپێ؟ چۆن دەتوانین بیر و مێشکی ئەو کەسانە بناسین کە بەو ڕادەیە دڵڕەق و خوێنڕێژن؟ ئەوان بیروباوەڕیان بۆ خۆیان و دەربارەی کەسانی دیکە چی یە؟ چۆن دەتوانین بەرامبەر بەم هەموو توندڕەوی و بێدڵیە کاردانەوەی هەردوولا (جەللاد و قوربانی) لەسەر بنەمای هەست یان غەریزە بناسین یان بە چاویلکەی ( بابەتی بوون) تەماشای کارەسات بکەین و لە خود ئاگایی و ناهۆشیاری شێتانەی جەللاد شارەزابین؟ سەرئەنجام ئەوەی روویداوە، ئەوەیە کە نەدەبوو رووبدات و ئەویش کارەساتە و ئیدی ئەو پرسانەی کەلەم زەمینەدا پەیدادەبن و بۆ تێگەیشتنی خودی کارەساتیش پێویستن، ناتوانن نەخشی بڕیاردەر ببینن (هەرچەندە ئەمە مانای نەبوونی پەیوەندی یان ناگرنگی ئەو پرس و هۆکارانە نیە؟)

هەرچەندە زەمینە و هۆکارەکانی ئابوری و سیاسی و مێژوویی،نەخشی ئایین و کاریگەرییەکانی، یان رەهەندی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دیاردەی توندو تیژی و توندڕەوی پەیوەندییان بە ڕوودان و سەرهەڵدانی کارەساتەکانەوە هەیە کە لەمێژوودا کەڵەکە بوون و لەڕابردووی دوورەوە هەتا ئێستا کاریگەرییان هەبووە و هەموویان پێکەوە ئەم بەرهەمە خراپەیان هێناوەتە ژیان.

بەڵام فاشیزم لەسەرهەڵدانی دژە کۆنەکان لەسەردەمی هاوچەرخدا روودەدات، یان دەتوانین ڕۆشنتر بڵێین دیاردەیەکی ناوەختە کەلەوێدا رابردوو و ئێسا بەشێوەیەکی سەیر و مۆتەکە ئاوێتەدەبن. ئەنجامی ئەم ئاوێتە ناڕەسەن و ناهاوئاهەنگە، لەدایك بوونێکیی بوونەوەرێکی شێواوە کە هەم مەسخەرەیە و هەم ترسناك. ئەڵمان و ئیتالیا چەند سەدەیەك دوای نەتەوەکانی دیکەی ئوروپا یەکبوون و سەربەخۆییان بەدەست هێنا، هەردووکیان کاتێك بە ناسیۆنالیزمی توندڕەوی هێرشبەر گەیشتن کە ئیمپراتۆریا پیرەکانی فەرەنسا و بەریتانیا بەرەو نەمان دەچوون. فاشیزمی ئیسلامیش کە داعش و هاوشێوەکانی بەرێوەی دەبەن کاتێك توندڕەوی و دڵڕەقی ئایینی خۆیان دەرئەخەن، کەلەزۆربەی جیهان شێواز و دەسەڵاتی ئایینی روو لەنەمانە. ئەم دواکەوتنە مێژووییە لە نەخشاندنی توندڕەوییدا هەمان ئەو دژە کۆن و دێرینەیە کە لەسەردەمی هاوچەرخدا روودەدات و هەژانە مەترسیدارەکانی هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی لە رزاندووە.

بەڵام یەکێك لە زەمینە و هۆکارە بەهێز و کاریگەرەکانی ئەم دیاردە مەخسەرە و مەترسیدارە بوونی ژینگەی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنەری ئەو بوونەوەرە دڕندە و ترسناکانەیە، کە لە زۆربەی وڵاتان و جیهان لە رابردوودا هەبوون و هێشتاش لەوڵاتانی دواکەتوو ماون.

خاڵی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی توندوتیژی و دڵڕەقی بەدیهێنەرانی کارەسات هەمان ئەو بەڵگە ئاشنا و کۆنەیە کە زانا و بیرمەندانی دێرین دەیانزانی: توندوتیژی زۆربەی جار و کاتەکان لە لاوازی و باوەڕ بەخۆ نەبوون پەیدا دەبێ.نەفرەت لەکەسانی دیکە،چ تاك بێ یان کۆمەڵ، لەبنەڕەتدا شێوازێکی شوێنراوی نەفرەتە لەخود. دژایەتی و نکۆڵی و لە ناوبردنی کەسانی دیکە بەهاوکاری دەمارگیری و رەقی کوێرانە بەزۆری لەوێوە پەیدا دەبێ کە خاوەنی ئەم نەفرەت و توندوتیژیە هێندە کەسانی لاواز و بێ ماهیەتن کە جۆرێك لەپابەندی و نیازی شاراوەیان بۆ (دوژمنی بێگانە)هەیە. بەشێوازێك کە هەندێك جار تووشی رەوش و هەڵوێستی سەیروسەمەرە و پڕ ناکۆکی دەبین لە نێوان پابەندبوون و پێویستی و عەشق و نەفرەت و لە ناوبردن کەشیکردنەوەی تەواویان زۆر ئەستەمە. هەموو شێوازەکانی فاشیزم و لەسەرووی هەموشیانەوە

ئەڵمانیای هیتلەری نموونەی ئاشکراو بەرجستەی ئەم ڕەوشە تراژیدی ومەسخەرەیەن. زۆرەبەی ئەوانەی خەریکی تێگەیشتن و شیکردنەوەی رەفتاری نازیەکان بوون ئاماژەیان بەو خاڵە کردووە کەتوندوتیژی و وەحشیگەری ئەوان تاڕادەی ترس و باوەڕ بەخۆنەبوون رۆشتووە و بەشێك لە توندوتیژی و درندەیی ئەوان بریتی بووە لە لاوازی و پێویستی و ناچارییان بۆ ئەو کەسانەی کەپاشان بوونەتە قوربانی. زۆربەی جارەکان رەفتاری توندوتیژی و دڵڕەقی ئەوان لە ئەنجامی ترس و لاوازییان سەریهەڵداوە.

(فریدریك نیچە) پەیوەندی نێوان ترس و توندوتیژی یان نەفرەت لەخۆ و نەفرەت لەوانی دیکە لەژێر ناونیشان و چەمکی (بێزاری) و (ئەخلاقی کۆیلە)دا باس و لێکۆڵینەوە دەکات. بەبڕوای ئەو ( بێزاری) دەبێت وەکو کاردانەوەی کەسانی کۆیلە بناسین، کە ناتوانن دەسەلات و بالایی "خاوەنەکانیان" تێك بشکێنن، بۆیە کاتێك کە هەلیان بۆ هەڵدەکەوێ بەوپەڕی پێداگری رق و کینەی تەواوی ژیان و بوونیان دەخەنە خزمەتی لەناوبردنی ئەو" دەسەڵاتدارانە"، تەنها لەبەردەوامبوونی وابەستەیی پەنهانی خۆیان بۆ ئەو خاوەنانە، تەنانەت لەدوای لەناوبردنیشیان، کۆیلەکان دەیانەوێت خۆیان بسەلمێنن.

هۆشیاری شاراوە بۆ ئەم وابەستەبوون و نیازە پەنهانە، رقی کۆیلە زیاتر دەکات و لەکۆتاییدا دەیکاتە ئەسیری دەورانێکی گومڕا لەترس و توندوتیژی یان حەقارەت و هەڵگەڕانەوەی خراپ، کەجگەلە دڵڕەقی ئاوێتەی شێتی، ئەنجامێکی دیکەی نیە و هیچ بینین و مامەڵەیەکی واقعی لەسەر بنەمای سەربەخۆیی، ئاشتی و دۆستایەتی لێ سەوز نابێت. ئەم شێوازی رق و کینەیە بەرامبەر ئەوانی دیکە هاوکاتە لەگەڵ یادەوەری تیژ و فەرامۆش نەکردنی رابردوو.نیچە لەستایشی " مارکی دومیرابو"ی شۆڕشگێر و سیاسەتمەداری مەزنی فەرەنسی ئاماژە بە ئامۆژگارییەکی ئەو دەکات کە لێبوردن و گوێنەدان بە رووداوەکانی رابردوو یەکێکە لەتایبەتمەندییە شەریف و بڵندەکانی ئەو. بەبڕوای نیچە" میرابۆ نموونەی راستەقینەی شەرافەت و مەزنی بوو لەسەردەمی نوێدا. یادەوەری ئەو دەربارەی ئەو خراپە و توندوتیژی و سوکایەتیانەی کە بەرامبەری کراوە، لەڕاستیدا فەرامۆشی کردووە. ئەو توانای ئەوەی هەبوو کەسێك ببەخشێ،نەك (هەموو روداوەکە) فەرامۆش بکات" پایەی سەرەکی بەڵگەی نیچە دەربارەی "بێزاری" ئەوەیە کە شێوازێکە لەکاردانەوە، نەك بەشێك بێت لەکار، هەربۆیەش بێزاری تایبەتمەندیەکی پاسیف یان سلبی یە، یان لەڕاستیدا هەستێکی خراپ و خراپەکارە. کەسێك کە دوچاری بێزاری دەبێت، ناتوانێ شتەکانی فەرمۆش بکات، چونکە لەلای ئەو تۆڵەکردنەوە یان لەناوبردنی بەرامبەر تەنها مەبەستە بۆ پشتیوانی دەروون و بەدەستهێنانەوەی ناسنامەی خۆی.

ئەو خاوەنی ناسنامەی سەربەخۆ و ئیجابی نیە و هەربۆیەش پشتیوانی و خۆی بەتەواوی لە رق و کینە و لە ناوبردنی کەسانی دیکە دروست دەکات. کەسێکی ئاوا زۆر پێوستی بە" دوژمنێکی بێگانە" هەیە ئەمەش نەك تەنها وەکو ئامانجی سەلماندن وئاڕاستەکردنی رق و نەفرەتی خۆی، یان بەهانەیەك بۆ شاردنەوەی لاوازی دەرون و کێشەو شکستەکانی، چونکە لەدیدی خۆی و کەسانی دیکەشدا دژایەتی کردنی ئەم" نەیارە" تەنها بونیادی واقعی و راستەقینەی ناسنامەی ئەوە. هەربۆیە تەواوی کار و چالاکیەکانی، تەنانەت لەدوای سەرکەوتن و بەدەست هێنانی دەسەلات، شتێك نیە مەگەر تەنها کاردانەوە بەرامبەر ئەم" نەیار و دوژمنە" کە ئەگەر نەشبێت، دروستی دەکات.

پەیوەندی نێوان ترس و توندوتیژی، وێڕای دڵنیابوونەوەمان لەسەر تایبەتمەندییەکانی شکست، هیچ و پوچی و بێ بڕوایی بەخود، توندوتیژی ئەوانەی کە کارەسات دەخوڵقێنن پەیوەنداره بەپاشەکشەی ئامانجی" قارەمانی". ئەم خاڵە بەهێز و شیکردنەوە وردە بەشێکە لە ژیاننامەی" میلوان جیلاس"ی خەڵکی مۆنتیگرۆ لە کتێبی " رێگرەکان"ی ئەریك هۆبزباوم.

ئەم روانگە ژیر وبەهێزە هەم لەباری دەروونی و هەم لەدیگای مێژووییدا گرنگی زۆری هەیە. هەرچەندە بەدێژایی مێژووی ئەو نەتەوانەی کە زۆرجار شکستی  هێزی سەربازی دوژمنیان چەشتووە، بەبێ ئەوەی کە ئەم شکستە ئەوان بەرەو حەقارەت و نەفرەت لەخۆ و هەڵگەڕانەوەی وەحشیگەری بەرێت. هەرچەندە بەڵگەکانی میلوان جیلاس دروستن و پاراستنی پەیکەر و یەکپارچەیی کەسایەتی تاك و مانەوەی سیستەمی بەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵ دەتوانێ هۆکاری کاریگەربن بۆ رێگرتن لە دڵڕەقی و رەفتاری خراپە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە گریمانەیەك دەتوانێ ئەم داوەرییە گشتی و تایبەتمەندییە باشەش لە ناو بەرێت و وەکو هەموو گریمانە مێژووییەکانی دیکە هەمیشە شایەنی سەلماندن نەبێت. سەرنجام گریمانەکەی جیلاس یەکێکە لە گریمانەکان و دەشێت ئەویش شایانی روودان نەبێت. بەم حاڵەشەوە بەهای باس و خستنەڕووشی هەیە، چونکە  لەلایەك لەگەڵ کۆمەڵێك راستی مێژوویی هەتا ئێستا ناکۆکی ئاشکرای نیە، ولەلایەکی دیکەش دەتوانێ ( لانیکەم وەکو گریمانە) شیکردنەوەی ئێمە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە کارەسات دەقەومێنن لەئاستی گوتاری گشتی مێژوویی و فەرهەنگی بترازێنن و یارمەتی تێگەیشتنی باشترمان بدات.

ئایا ناتوانین بە یارمەتی گێڕانەوەی میلوان جیلاس، توندوتیژی و دڵڕەقی کارەسات و بەرنامەی پاکتاوی ئایینی و نەژادی بەشێك بێت لە پاشەکشەی ئامانجی "قارەمانێتی"؟ لە کام ئامانج و کام قارەمانێتی و کام هەلومەرجی مێژووییدا؟.

ئامانجی "قارەمانگەری" لەجەنگی دژی ئەو رژیمانەی کە هەتا پێش 1989 بەسەر تەواوی رۆژهەڵاتی ئوروپادا دەسەڵاتداربوون و لە 1990 هیچ ئەسەرێکیان لێ نەمایەوە. بەم پێیە بێت وەحشیگەری سربەکان و ئەوانەش کە بەدیهێنەری کارەساتن پەیوەستە بەسەرکەوتنی ئاسان و بێ ئامانجی ئەوان بەسەر کۆمۆنیزمی ستالینیدا. بەهەرحاڵ رۆشنکردنەوەی ئەم داوەریە پێویستی بەشیکردنەوەی زیاتر و راشکاو کردنی دووخاڵی تیۆری و میتۆد ناسانەی گرنگ هەیە کە هەتائێستا رێنمای پەنهان و ئارامی ئەم باسەمان بووە: دڕندەیی سربەکان پەیوەستە بەنەبوونی" بڕوای قارەمانێتی" لە رابردووی ئەم نەتەوەیەدا. بەوتەی خودی جیلاس سربەکان لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا بە لوتف و مۆڵەتی هێتلەر توانیان "قارەمانانە بجەنگن، بکوژن وبکوژرێن" بەڵام راستی پرسەکە ئەوە نیە کە ئەوان جەنگاون و شانازی و پیرۆزییان هێناوەتەدی.

هێشتا مێژوو ئەو کابوسەیە کە تێدەکۆشین لەدەستی بێداربین ترس لەسەرهەڵدانی جەنگ و نابودی گشتی و کۆکوژی و هەڵایسانی ئەو دۆزەخانەی کەلە کارەساتەکاندا بینیمان. ئێستا جیهان لە ئاستانەی سەرهەڵدانی جەنگ و توندوتیژی نێوان نەتەوە و ئایینیەکاندایە و دۆزەخەکان هێشتا گەرمن و دۆزەخی تیرۆر و فاشیزم هێشتا لەبۆسەی ئەو نەتەوەو ناوچانەدایە کەپشتیوانی و پارێزگاریی جیهانیان نیە( هەرچەندە لە روانگەی قوربانیانی کارەساتدا، ئەو ئاشوب و دۆزەخە ناوچەییانە مەسخەرەترین و ترسناکترین تەڵەی مێژوون). بێدەسەڵاتی و ناتوانایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە

جەنگی دژی ئەم دۆزەخانە کە بەلوتفی ناوەندەکانی میدیا و هەواڵەکان بوونەتە بەشێك لەژیانی ئێمە، پرسیاری سەرەکی خەباتە ئێمەیە. لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە وەکو هەموو پرسیارەکانی دیکەی مێژوو، ورتەورتێکی نارۆشن بێت لە ناو رەشەبادا. بەڵام ئایندە هەرچی بێت، رۆشن کردنەوە و سەلماندنی چارەنووسی قوربانیان و تێگەیشتن لەم مانایە هێشتا کارێکی ئاسان نیە، یان لەڕاستیدا ئەستەمە و ئەمەش لەوانەیە تەنها مانای راستەقینەی کارەسات بێت.30

یادەوەرییەکی ناخۆش و دڵتەزێنی (ئیلی ویزل) خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لەسەردەمی منالّی و لەئۆردوگای کوشتاری جولەکەکان. گەستابۆ (پۆلیسی نهێنی نازیەکان) نەوجەوانێکیان بە مەرگ حکمداربوو، لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم مەرگە جولەکە دیلەکانی تریان بەزۆر ریزکردبوو بۆ ئەوەی دیمەنی مەرگ و پەیکەری بێگیانی ئەو بەسێدارەوە ببینن. نەوجەوانەکە ئارام و رەنگ زەرد و غەمناك چووە سەر سێدارەکە و لەو کاتەدا یەکێك لەدیلەکان لەوەی تەنیشتی پرسی: "خوا لەکوێیە؟ بۆچی کارێك ناکات؟" چەند خولەکێك تێپەڕیوو، حوکمەکە جێبەجێ کراو نەوجەوانەکە بێتاوان و بێدەنگ گیانیدا. ئەوکەسە دیسان پرسیەوە: "ئەی ئێستا خودا لەکوێیە؟" ئیلی ویزل کە ئەم وتانەی بیست، لەبەردەمی خۆیەوە وتی: " خوا لەکوێیە؟ ئەو لە هەمان ئەو شوێنەیە... لەسێدارە دراوە." ئیلی ویزل هەر لە ئاشۆیتس بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لەخودا کرد. ئێمەش نابێت هەرگیز ئەو کارەساتانەی کە فاشیزمی ئیسلامی بەناوی خوداو لەژێر ئاڵای (لا الله الا الله، محمد رسول الله)دا کە بەسەر خەڵکیان هێنا، لەبیرمان بچنەوە.

**سەرچاوەکان:**


1-**کاتجا فرانکواس، جهانی شدن و جرم، ترجمەی احسان حسنوند و اسماعیل حسنوند، تهران، نشر علمی**، 1390، **ل** 52.

2-**هـ. س.پ. ل** 53.

3-**زبیگینو برژینسکی، انتخاب: سلگە یا رهبری، ترجمەی امیر حسین نوروزی، تهران** 1368، **ل** 46.

4-**هـ. س. پ،ل ل** 69-70.

5-**کلیفورد لیچ ، تراژدی، ترجمەی مسعود جعفری، نشر مرکز، چاپ اول ، تهران** 1390، **ل** 12.

6-**هـ. س. پ، ل** 16.

7-**هـ. س. پ. ل** 56.

8-**راس ویلسون، تئودر ئادۆرنو، ترجمەی پویا ایمانی، نشر مرکز، چاپ اول** 1389، **ل** 147

9-**هـ.س.پ.ل** 151.

10-**تئودور ادورنو، ماکس هورکهایمر، دیالکتیك روشنگری، ترجمەی مراد فرهاد پور، امید مهرگان، نشر گام نو، چاپ اول** 1384، **ل**21، **ل** 24.

11-**هـ. س.پ،ل** 290.

12-**روبرت اشتاین، والتر بنیامین، ترجمەی مجید مددی، نشر اختران،چاپ اول** 1382،**ل** 13.

13-**رامین جهانبگلو، بین گزشته و اینده، نشرنی، چاپ اول** 1384، **ل ل** 128-129

14–هـ. س. پ، ل 130.

15–ایریك فروم، جوهر الانسان، منشورات حركه حقوق الناس ، ترجمه هادی حبیب، الگبعه الاولی 1998،بیروت ل 10.

16–هـ.س.پ،ل16.

17–هـ. س.پ، ل 20.

18–هـ. س. پ، ل 83.

19–دكتر راجر بوشه، نڤریه های جباریت(از افلاتون تا ارنت) ترجمه‌ی فریدون مجلسی انتشارات مروارید، چاپ اول 1385، ل 28، ل13.

20–الدكتور علی الوردی،مهزله العقل البشری، دار و مكتبه دجله والفرات،گبعه جدیده2010 بیروت، ل ل 52–53.

21–دكتر راجر بوشه، هـ. س.پ، ل 53–58.

22–هـ. س.پ، ل 75.

23–هـ. س.پ، ل 167.

24–اریك فروم، گریز از ازادی، ترجمه‌ی عزت الله فولادوند، انتشارات مروارید، چاپ چهارم1390، ل 265.

25–دكتر راجر بوشه، جباریت، ل 554.

26–مارك نئوكلوس، فاشیسم، ترجمه‌ی حسن مرتچوی، انتشارات اشیان، چاپ اول 1391، ل 22.

27–هـ. س. پ، ل 26.

28هـ. س. پ، ل 28.

29–هـ. س. پ، ل 45.

30– هه‌موو به‌شی(سه‌ركه‌وتنی كاره‌سات) له لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی مورادی فه‌رهاد پور ئاماده كراوه به‌ناوی(توندوتیژی، كاره‌سات و مێژوو)بڕوانه/ مراد فرهاد پور،عقل افسرده،گرح نو،چاپ سوم 1389، ل ل 195–216.

**تێبینی: وێڕای لێكۆڵینه‌وه به‌پێزو ده‌وڵه‌مه‌نده‌كه‌ی به‌ڕێز دكتۆر ئه‌كره‌می میهرداد، ئێمه له ستافی گۆڤاری جینۆساید تێبینیمان له‌سه‌ر به‌كارهێنانی ده‌سته‌واژه‌ی كاره‌سات هه‌بوو، هه‌روه‌ك پێمان وایه كاره‌سات شوێنگره‌وه‌ی تاوان نیه، به‌ڵكو تاوان بكه‌ره‌كه‌ی دیاره‌و یاسای تایبه‌ت به ناسینه‌وه‌ی خۆی هه‌یه. ئه‌كرێ له چوارچێوه‌ی ئه‌نجامدانی تاواندا، كاره‌ساتی لێبكه‌وێته‌وه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی كه له‌مێژووی دوورو نزیك تا به نوێترینیان له‌سه‌ر ده‌ستی ده‌وڵه‌تی تیرۆریستی داعش دژ به گه‌لی كوردو كوردستان ئه‌نجامدراوه، به‌هه‌موو لێكدانه‌وه‌یه‌ك تاوانه.**

**ئێمه له‌به‌ر ئه‌مانه‌تی لێكۆڵینه‌وه‌كه‌ی دكتۆر ئه‌كره‌م و به‌هاو گرنگی و نه‌شێواندنی ناوه‌ڕۆكه‌كه‌ی، ده‌ستكاری ده‌سته‌واژه‌ی كاره‌ساتمان نه‌كردو وه‌ك خۆی هێڵانه‌ته‌وه.**

**ستافی جینۆساید**